# رەوشی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوری بەربەر لەژێردەسەڵاتی دەوڵەتی ئومەویدا[1]

سەرپەرشتیار: پ. ی. د. صلاح کانبی
بەشی مێژوو/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی

خوێندکاری دکتۆرا: م. بەختیار عبدالله کریم
بەشی مێژوو/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

نەتەوەی بەربەر (ئەمازیغ) یەکێکبوو لە نەتەوانەی کەبۆماوەیەکی دوورودرێژ بەرەنگاری پرۆسەی فتوحات بوونەوە، فەتحکردنی دەڤەرو ناوچەکانیان لەماوەی سالانی (٢١-٩٠ك/٦٤٢-٧٠٩ز)دا بەردەوامبوو، کەبەشی گرنگ و سەرەکی ڕووداوکانی پرۆسەکەش لەسەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا بوو، بۆیە وەك دەردەکەوێت رەوشی بەربەر لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئومەویداو تێڕوانینی کاربەدەست و جەنگاوەرانی ئومەوی بۆ نەتەوەی بەربەر جیاوازتر نەبوو لە قۆناغی پرۆسەی فتوحات؛ ئەمەش بووە داینەمۆیەك بۆئەوەی هۆزەکانی بەربەر، لەگەڵ ناکۆکی و دوژمنایەتی و پەرتەوازەیی نێوانیاندا، تاڕادەیەك هاوهەڵوێستبن سەبارەت بە دەوڵەتی ئومەوی و هەوڵ بۆ رزگارکردنی خۆیان و زێدەکەیان بدەن، هەتا دواجار توانیان لەژێر چەتری ئایینزای خەواریجدا کۆتایی بە دەسەڵاتی ئومەوی لەبەشێکی زۆری خاکەکەیاندا بهێنن.

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بەتاوتوێکردنی رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری نەتەوەی بەربەر لەژێر دەسەڵاتی ئومەویداو ختستنەڕووی سیاسەتی ستەمکارانەی هەندێك لەوالییەکانی ئومەوی بەرامبەریان، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە بۆ دوو تەوەرە دابەشکراوە، تەوەری یەکەم تایبەتە بە رەوشی مرۆیی و ئابوری بەربەر لەسەردەمی (موسی بن نصیر ٨٦-٩٦ك/٧٠٥-٧١٥ز)دا، تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ تاوتوێکردنی رەوشی نەتەوەی بەربەر لەژێر بەردەوامی ستەمی والییەکان و بەرپرسیارێتی خەلیفەکانی ئومەویدا.

**الملخص**

نستطيع ان نقول بان البربر (الامازيغ) من الاقوام التي وقفت لمدة طويلة امام عملية الفتوحات، فعملية فتح اقاليم وبلاد البربر استغرقت الفترة الممتدة بين (٢١هـ/٦٤٢م) الى (٩٠هـ/٧٠٩م)، حيث ان الجزء الاهم والأكبر من احداث عملية الفتح حدثت فى ظل الدولة الاموية، لذا كما يبين لم يكن الوضع الاجتماعي والاقتصادي للبربر تحت ظل حكم الاموى مغايرا لوضعهم اثناء عملية الفتوحات؛ اي ان رؤية ونظرة الولاة ومحاربي الدولة الاموية الى شعب البربر لم يكن مغايرا لنظرتهم له اثناء عملية الفتوحات، وهذه الأوضاع السيئة اصبحت نقگة لتوحيد مواقف وجهود قبائل البربر، على الرغم

١- باسێکی وەرگیراوە لەتێزی دکتۆرا بەناونیشانی: کاریگەریی بزوتنەوە ئاینییە نەیارەکانی خیلافەت لەسەر نەتەوەی بەربەر. (خەواریجو شیعە وەك نموونە). بۆیە هەندێك لەو کەسایەتیو ناوچەو شارانەی پێویست بەناساندن دەکەنو لە باسەکانی دیکەی تێزەکەدا ناسێنراون یان باسکراون، بەپێویست نەزانراوە لێرەشدا دووبارە بکرێنەوە.

من تشتتهم واختلافاتهم القبلية، اتجاه الدولة الاموية وتوحيد قواهم لتحرير انفسهم وبلادهم من السيطرة الاموية، حتى تمكنوا في نهاية المطاف وفي ظل مذهب الخوارج من تحرير الجزء الكبير من موطنهم تحت سيطرة الدولة الاموية.

هذا البحث يتناول الوضع الاجتماعي والاقتصادي للبربر تحت ظل الدولة الاموية وعرض السياسة التعسفية لبعض الولاة اتجاههم، ويتكون من مبحثين، تناولنا فى المبحث الاول وضع البربر اثناء ولاية (موسى بن نصير ٨٦-٩٦هـ/٧٠٥-٧١٥م). والمبحث الثاني يتناول وضع البربر في ظل استمرار جور الولاة ومسؤولية الخلفاء الامويين.

**Abstract**

It could be said that Berbers (Amazighs) are one of the nations that confronted the Islamic expansion for a long time. Islamic conquest of the territories of the Berbers continued from 643 to 709 AD (21-90 AH). Most of the conquests occurred during the Umayyad era. Therefore, the situation of the Berbers and officials and commanders of the Umayyad Caliphate's perspectives on the Berbers were not different from the perspective which existed during the Islamic expansion. This led to the unity of the Berber tribes against the Umayyad Caliphate regardless of disputes and enmities which the tribes had with each other. They struggled to liberate their territories under the Umayyad Caliphate, and they were finally able to liberate most of their region under the name of the Khawarij sect.

This study discusses the economic and humanitarian situations of the Berber nation under the Umayyad's rule, and it also shows the oppressive policies of the some of the Umayyad rulers. It is divided into two chapters. The first chapter illustrates the economic and humanitarian situations during (Musa Bin Nusair 705-715 AD, 86-96 AH). The second chapter evaluates the economic and humanitarian situations of the Berber nation under the continuous oppression of the Umayyad rulers and the responsibilities of the Umayyad Caliphs.

لەگەڵ ئەوەی پڕۆسەی فەتحکردنی زێدی بەربەر حەفتا ساڵی (٢١-٩٠ك/٦٤٢-٧٠٩ز) خایاند، بەڵام هەندێك توێژەر دەیانەوێت ماوەکە زیاتر درێژبکەنەوەو ساڵانی ویلایەتی (موسی بن نصير ٩٨ك/٧١٧ز)یش بە قۆناغی فتوحات دابنێن (حسين مؤنس، ٢٠٠٠: ٦٤؛ فطيمة مطهري، ٢٠١٠: ٤٥)، ئەمەش هەوڵێکە بۆدانانی سەردەمی موساش بەسەردەمی فتوحات، هەتا پەلامارە سەربازییەکانی بۆسەر بەربەر وەك فتوحات وێنابکرێت نەك هەڵمەتی سەرکوتکردن[1]، چونکە بەکوژرانی کاهنە دەسەڵاتی مەغریب بۆ (حسان بن النعمان الغساني ٨٦ك/٧٠٥ز) یەکلاییبوەوەو توانی دیوانی دابمەزرێنێتو سەرانە بەسەر ئەفارقەو بەربەرە مەسیحییەکاندا بسەپێنێت، بۆیە دەوترێت دوای ئەوەی دەرکەوت ئاسایش دەستەبەرکراوەو خاکەکە بووەتە خاکێکی ئیسلامی، والی میسر حەسانی لاداو موسای دانا (جاك تيری، د.س: ١٥٩-١٦٠)؛ لەلایەکی دیکەوە موسا کراوە بە ئەمیری هەموو مەغریب (الكندي، ٢٠٠٣: ٤٢؛ الذهبي، ١٩٩٣: ٣٣٧/٥)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ تەواوبوونی قۆناغی فتوحات، هاوکات ویلایەتی مەغریب بەتەواوەتی لە میسر جیاکرایەوەو دوای مردنی (عبدالعزيز بن مروان)ی والی میسر، موسا راستەوخۆ نامەی بۆ خەلیفە دەنارد(الكندي، ٢٠٠٣: ٤٣). ئاماژەیەکی دیکە بۆ دەستپێکردنی سەردەمی والییەکان دانانی قازییە بۆ ئیفریقیە، کە لەلایەن موساوە (ابو الجهم عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ رَافِعٍ التَّنُوخِي ١١٣ك/ ٧٣٢ز) کرا بە یەکەم قازی قەیرەوان (المالكي، ١٩٩٤: ١١٠/١؛ الدباغ، ١٩٦٨: ١٩٨/١). هەروەها موسا

---

١- چالاکییە سەربازییەکانی موسا بە فەتح دانانرێت، بەڵکو بۆ سەرقاڵکردنی سوپاو بەدەستهێنانی دەستکەوت بووە، بەتایبەتی کە ژمارەی سوپا بەهۆی بەشدارپێکردنی بەربەرەوە زۆر زیادیکرد، ئەوانیش هاوشێوەی عەرەب رەوندەو خولیای شەڕبوون. بڕوانە:(حسين مؤنس، ٢٠٠٨: ٥٠).

کاربەدەستی بۆ دەقەرو ناوچەکان دانا، هاوکات کە موسا گەیشتە قەیرەوان، جگە لەهەندێك خۆبەخشی هۆزە عەرەبەکانی میسر، هیچ سوپایەکی لەگەڵدا نەبوو، تەنها پشتی بە عەرەبە نیشتەجێبووەکانی ئیفریقیەو بەربەر بەست (مؤلف مجهول، ١٩٨٩: ١٤؛ المقري، ١٩٠٠: ٢٣٠/١، ٢٥٠)، ئەمەش لەلایەك ئاماژەیە بۆ زۆری ژمارەی عەرەبە نیشتەجێبووەکان لەخاکی بەربەردا، لەلایەکی دیکەوە ئاماژەیە بۆ زۆربوونی ژمارەی جەنگاوەرەکانی بەربەر لەسوپای ئیسلامیدا، ئەمەش وادەکات دەستبەکاربوونی موسا، بەدەستپێکردنی سەردەمی ویلایەتی باکوری ئەفریقیا دابنێین.

یەکەم/ ڕەوشی مرۆیی‌و ئابوری بەربەر لەسەردەمی (موسی بن نصیر ٨٦-٩٦ك/٧٠٥-٧١٥ز)دا:

بۆچوونی جیاوازو دوورلەیەك هەیە، سەبارەت بەساڵی دەستبەکاربوونی (موسی بن نصیر)، بەڵام بەگوێرەی بەدوایەکداهاتنی ڕووداوەکان پێدەچێت ساڵی (٨٦ك/٧٠٥ز) دەستبەکاربووبێت (البلاذري، ١٩٨٨: ٢٨٨؛ قدامة بن جعفر، ١٩٨١: ٣٤٩؛ ابن الاثیر ، ١٩٩٧: ٢٠/٤؛ ابن خلكان، ١٩٩٤: ٥/ ٣١٩؛ عبیدالله بن صالح، ١٩٥٤: ٢٢٤)[1]. تێڕوانینی دەسەڵاتی ئومەوی بۆ خاکی بەربەر، کە ئایا خاکێکە بەزۆر فەتحکراوە یان بە ڕێککەوتن، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر ڕەفتاری والییەکان لەگەڵ نەتەوەی بەربەردا. بێگومان حەسسان مامەڵەی لەگەڵ خاکی بەربەردا، وەك زەوی فەتحکراو بوو بە ڕێککەوتن نەك بەشەڕ، بۆیە سەرانەشی سەپاند بەسەر مەسیحییەکان (ڕۆمو بەربەر)دا (ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ٢٢٩؛ ابن عذاری، ١٩٨٣: ١/ ٣٨؛ ابن خلدون، ١٩٨٨: ٦/ ١٤٣-١٤٤)، بەڵام ئەم شێوازە مامەڵەیە لەگەڵ سیاسەتی دارایی والی میسر (عبدالعزیز بن مروان)و خەلیفە (الولید بن عبدالملك، یزید بن عبدالملك، هشام بن عبدالملك)و خەلیفەکانی عەبباسیدا نەدەگونجا، بۆیە بۆپشتڕاستکردنەوەو ڕەواییدان بە سیاسەتی دارایی‌و مامەڵەی دەوڵەتی ئومەوی‌و عەبباسی لەگەڵ بەربەرو زێدەکەیاندا، دەوترێت هەموو خاکی باکوری ئەفریقیا بەشەڕ گیراوە(ابن سلام، ١٩٨٨: ١٣٣؛ ابن خیاط، ١٣٩٧هـ: ١٤٣؛ البلاذري، ١٩٨٨: ٢١٥؛ الذهبي، ١٩٩٣: ٣/ ١٩٨)[2]، یاخود دەکرێت بۆ ڕەواییدان بە شاڵاوە سەربازییەکانی موسا بۆسەر هۆزەکانی بەربەر بووبێت، چونکە وتەکە بەناوی (عَلِيُّ بْنُ رَبَاحٍ اللَّخْمِيُّ)ەوە وتراوە کە جەنگاوەرێکی سوپاکەی (مُوسَى بْنِ نُصَيْرٍ) بووە (ابو العرب، د.س: ١٩)؛ بەڵام بۆچوونەکە لەلایەك گشتگیر نییەو بۆچوونی جیاواز هەیە کە ئایا خاکی باکوری ئەفریقیا، بەشەڕگیراوە، یان بە ڕێککەوتن، یان خەڵکەکەی مسوڵمانبوون (الونشریسی، ١٩٨١: ٩/ ٧٤)؛ لەکاتێکدا بۆچوونی جیاوازیش تەنها لەسەر ناوچەی مەغریبی نزیك (ئیفریقیە) هەیە، لەکاتێکدا دەڤەری بەرقە بەڕێکەوتن فەتحکراوەو سەرانەکەشی (١٣،٠٠٠) سیازدە هەزار دینار بووە (ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ١٩٧؛ البلاذری، فتوح، ١٩٨٨: ٢٢١؛ الطبری، ١٣٨٧هـ: ٤/ ١٤٤)، هەروەها شارەکانی (انطابس، طرابلس)و شاری فزان (جرمة) لەساڵی (٢٣ك/٦٤٤ز)دا لەلایەن (عمرو بن العاص)ەوە بەڕێککەوتن‌و ئاشتی فەتحکرا (ابن خیاط، ١٣٩٧هـ: ١٤٤؛ ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ٢٢٢؛ البكري، ١٩٩٢: ٢/ ٦٦١)، بەڵام ناوچەکانی مەغریبی ناوەڕاست‌و دوور، خەڵکەکەی مسوڵمانبوون، واتە بەزەوی ڕێککەوتن یان بەشەڕگیراو ئەژمارنەکراوە (الونشریسي، ١٩٨١: ٦/ ١٣٣-١٣٤، ٩/ ٧٣). بەمجۆرە ناتوانرێت بۆچوونێك بۆهەموو زێدی بەربەر گشتگیربکرێت، چونکە پرۆسەی فتوحات زیاتر لە حەفتا ساڵی

---

١- بۆنموونە دەوترێت ساڵی (٧٨ك/٦٩٨ز). لە (ابن خیاط، ١٣٩٧هـ: ٢٧٧؛ مؤلف مجهول، ١٩٨٩: ١٤؛ ابن الكردبوس، ٢٠٠٨: ٢/ ١٠٠٢-١٠٠٤). وتراوە ساڵی (٧٩ك/٦٩٩ز)، بڕوانە:(ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ٢٣١؛ الحَمِيدي، ١٩٦٦: ٣٣٨؛ ابن عساكر، ١٩٩٥: ٦١/ ٢١٥)؛ هەروەها ساڵی (٨١ك/٧٠١ز)، بڕوانە:(ابن قتیبة الدینوري، ١٤١٣هـ: ٦٤/٢). ساڵی (٨٨ك/٧٠٧ز)، بڕوانە:(ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤٦). ساڵی (٨٩ك/٧٠٨ز) لە (المقري، ١٩٠٠: ١٣٩/١). بۆتاوتوێکردنی ساڵەکان، بڕوانە:(عبدالحمید حمودة، ٢٠٠٧: ١٠١). بۆ ڕەگەزو نەژادی موساو ڕۆڵی پێشبوونی بە والی، بڕوانە: (المقري، ١٩٠٠: ١/ ٢٥٠؛ عبدالواحد ذنون، ٢٠٠٤: ص١٢٨-١٢٩).

٢ - یاخود وتراوە تەنها (اسكندرية، كفرطيس، سلطيس) بە ڕێککەوتن گیراوە. بڕوانە:(البلاذري، ١٩٨٨: ٢١٩).

خایاندو چەندین هەڵمەتی گەورە ئەنجامدرا، ئەمەش وایکردووە خاکەکە بەیەك شێواز فەتح نەکرێتو ناوچەیەك چەندجارێك فەتحکرابێتەوە، جارێك بە ڕێککەوتن، جارێك بەشەڕ، یان سەرکردەی هەر هەڵمەتێك بەڕێگەیەکی جیاواز، پاشان سەرکردەی دواتر بەشێوازێکی دیکە دەیگرتەوە (محمد خالد المومني، ١٩٩٠: ١٩٢-١٩٦) .

موسا لەوتاری دەستبەکاربوونیدا، سیاسەتی خۆی بەرامبەر بەخاك و نەتەوەی بەربەر وێناکرد و وتی:" ئەوانەی پێشتر یەکێکبوون لەم دوو کەسە: ئاشتیخواز و خۆپارێز و رازیبوو بەکەمترین بەش، یان کەسێکی بیروباوەڕ لاوازو نەشارەزا، خۆلادەر لەشەڕو دەسکەوت نەویست، بۆ ئەوەی خۆی رزگاربکات و تیانەچێت... ئەوانەی پێش من دوژمنی نزیکی بەجێدەهێشت و دەچوو بۆ دوژمنی دوور، دوژمنەکەش دەرفەتی دەقۆستەوەو ئاگاداری کەموکوڕییەکانی دەبوو، سوێند بەخودا هەتا فەتحکردنیان واز لەم چیاو قەڵا سەختانە ناهێنم"(ابن قتيبة الدينوري، ١٤١٣هـ: ٧٣/٢)، واتە هێز بنەمای سیاسەتی موسابوو، ساڵانە پەلامارو هەڵمەتێکی بۆسەر ناوچەو دەظەرێك ئەنجامدەدا[١]، بەڵام کاتێك زانی توانای گرتنی سەبتەی نییە، دیارییەکانی (یۆلیان)ی فەرمانڕەوای شارەکەی پەسەندکردو هێرشی نەکردەسەر (مؤلف مجهول، ١٩٨٩: ١٤؛ المقري، ١٩٠٠: ١/ ٢٣٠، ٢٥٠؛ السيد عبدالعزيز سالم, ١٩٩٩: ١٧٧).

گێڕانەوەکان لەگەڵ ناوهێنانی موسادا ئاماژە بەزۆری ژمارەی بەکۆیلەکراوەکانی هەڵمەتەکانی دەکەن بۆسەر بەربەر، بۆیە وا پێویست دەکات کۆی گێڕانەوەکانی تایبەت بەهەڵمەتەکانی موسا لەنێوان ساڵانی (٨٦-٩٦ك/٧٠٥-٧١٥ز)دا بەخشتەیەك بخرێنەڕوو، پاشان ئەگەری دروستی و نادروستی گێڕانەوەکان و زێدەڕۆییکردن لەژمارەکاندا تاوتوێبکرێن:

| ژ | ژمارەی بەکۆیلەکراو | ژمارەی پێنجیەك | هەڵمەتەکە | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٠،٠٠٠ | ---- | (٥٠٠) پێنجسەد سوار بۆ قەڵای (زغوان)و دەوروبەری | (ابن قتيبة الدينوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ٧٣-٧٤؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤٠، ٢/ ٢٣). |
| ٢ | ١٠٠،٠٠٠ | ٦٠،٠٠٠ | (عبدالله/ عبدالرحمن بن موسى) بۆسەر هەندێك ناوچەی مەغریبی نزیك؟ | (ابن قتيبة الدينوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ٧٣-٧٤؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤٠؛ المقري، ١٩٠٠: ١/ ٢٣٩ ) |
| | ١٠٠،٠٠٠ | | (مروان بن موسى) بۆسەر هەندێك ناوچەی دیکە؟ | |
| | ٢٠٠،٠٠٠ | ٤٠،٠٠٠ | - (عبدالله بن موسى)<br>- برازایەکی (عبدالله)؟ | (الذهبي، ١٩٩٣: ٦/ ٤٨٦؛ ابن كثير: ١٩٨٨: ٩/ ١٩٦) |
| | ٢٠٠،٠٠٠ | ٢٠،٠٠٠ | - (عبدالله بن موسى)<br>- برازایەکی (عبدالله)، (ابن عساكر بە ئەیوب ناوییبردووە) | (ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ٢٣٢؛ ابن عساكر، ١٩٩٥: ٦١/ ٢١٧) |
| | ٣٠٠،٠٠٠ | ٦٠،٠٠٠ | - (عبدالله) بۆسەر هەندێك ناوچەی مەغریبی نزیك؟ | (ابن الاثير، ١٩٩٧: ٤/ ٢١؛ النويري، ١٤٢٣هـ: ٢٤/ ٣٩) |

١- بۆ زانیاری سەبارەت بەهەڵمەتەکان، بڕوانە:(ابن خياط، ١٣٩٧هـ: ٢٨١، ٢٨٨، ٢٩٠، ٢٩٢، ٣٠٠، ٣٠٢، ٣٠٥)؛ هێرشکردنەسەر هۆزەکانی بەربەر بووبوو بە نەریتی موسا. الذهبي، ١٩٩٣: ٦/ ٦).

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | - (مروان بن موسی) بۆسەر هەندێك ناوچەی دیکە؟<br>- موسا خۆی بۆ لایەك؟ | |
| | ----------- | ٧٠،٠٠٠ | - (عبدالله) بۆسەر دوورگەی (میورقە).<br>- (عبدالله) بۆسەر لایەکی دیکە؟<br>- (مروان) بۆسەر لایەك؟<br>- موسا خۆی بۆ لایەك؟ | (ابن خلدون، ١٩٨٨: ٤/ ٢٣٩) |
| ٣ | ٢٠،٠٠٠ | --- | بۆسەر هۆزی (صنهاجە) لەشاری (طبنة) | (ابن خیاط، ١٣٩٧هـ: ٢٧٩؛ البکري، ١٩٩٢: ٢/ ٧١١؛ ابن عساکر، ١٩٩٥: ٦١/ ٢١٦) |
| | ١٠٠،٠٠٠ | --- | موسا بۆسەر هۆزی (صنهاجە)و هۆزە هاوپەیمانەکانی | (ابن قتیبة الدینوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ٧٧) |
| | ٦٠،٠٠٠ | --- | پەلاماری باڵی راستی سوپاکە (المغیرة بن ابي بردة) بۆسەر هۆزی (صنهاجە) لەشاری (طبنة) | (ابن قتیبة الدینوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ٧٧) |
| ٤ | ٤٠،٠٠٠ | --- | (مروان بن موسی) بۆسەر سوس | (ابن قتیبة الدینوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ٨٢) |
| | ٤٠،٠٠٠ | ---- | (مروان بن موسی) لەساڵی (٨٩ك)دا بۆسەر سوسی دوور | (ابن خیاط، ١٣٩٧هـ: ٣٠٢؛ ابن عساکر، ١٩٩٥: ٦١/ ٢١٦ الذهبي، ١٩٩٣: ٦٥/ ٣٥) |
| ٥ | ٢٠٠،٠٠٠ | ١٠٠،٠٠٠ | موسا بۆسەر سجومة لەساڵی (٨٣ك)دا | (ابن قتیبة الدینوری، ١٤١٣هـ: ٢/ ٧٧-٧٩؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤١) |
| | ١٥٠،٠٠٠ | | موسا بۆسەر سلوما لەساڵی (٨٣ك)دا | (ابن عساکر، ١٩٩٥: ٦١/ ٢٢٠) |
| ٦ | ٣٠،٠٠٠ | ---- | (أیوب بن حبیب بن موسی) لەساڵی (٨٧ك)دا بۆسەر (ممطورة) | (ابن خیاط، ١٣٩٧هـ: ٣٠٢؛ ابن عساکر، ١٩٩٥: ٦١/ ٢١٦؛ الذهبي، ١٩٩٣: ٦/ ٢٩). |
| ٧ | ٥،٠٠٠ | ---- | - موسا خۆی بۆسەر (هوارە، زناتە، کتامە)و (طامون/ کمامون)ی سەرکردەیانی گرتووە. | (ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤١؛ عبیدالله بن صالح، ١٩٥٤: ٢٢٤) |
| | ٥،٠٠٠ | ---- | - (عیاش بن اخیل ١٠٠ك/٧١٩ز) بە هەزار سوارەوە بۆسەر (هوارە و زناتە)، (کمامون)ی سەرۆکیانی گرتووە. | (ابن قتیبة الدینوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ٧٦) |
| | ---- | ---- | موسا خۆی لەساڵی (٩٣ك)دا بۆسەر رۆژئاوا هەتا تەنجەو دواتر پەڕیوەتەوە بۆ ئەندەلوس | (ابن خیاط، ١٣٩٧هـ: ٣٠٥؛ ابن عساکر، ١٩٩٥: ٦١/ ٢١٦-٢١٧) |

تاوتوێکردنی گێڕانەوەکانی تایبەت بە پێنج هەڵمەتی سەرەکی، بەگوێرەی ریزبەندی خشتەکە:

یەکەم: (ابن عذاري) لە (الامامة والسیاسة)وە زانیارییەکانی وەرگرتووە[1]، ئەویش پشتی بەهیچ گێڕەرەوەیەك نەبەستووە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی ناوی قەڵاو چیاکە بە (زعوان) دەهێنێت، بەربەری ناوچەکە بە (عبدوە)و سەرکردەکەشیان بە (ورقطان) ناودەبات، کە ناوێکی نامۆن. جگەلەوە قەڵاکە رۆژەڕێیەك لە قەیرەوانەوە دووربووەو لەنێوان تونس و قەیرەواندا بووە، بەڵام پێشترحەسان دوای سێ رۆژ شەڕکردن بۆی نەگیراو ناچار لەگەڵیاندا رێککەوت (الحمیري، ١٩٨٠: ٢٩٤)، ئیتر چۆن بە (٥٠٠) پێنجسەد سوارەوە گیرا؟. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لەنزیك دوو شارو بنکەی سەرەکی وەك تونس و قەیرەواندا بووبوونە مەترسی، ئایا مسوڵمانەکان دوای حەسان توانای کۆکردنەوەی پێنجسەد جەنگاوەریان نەبووە بینێرنە سەر قەڵاکە؛ خۆئەگەر وایشی دابنێین جەنگاوەرەکانی موسا توانیویانە قەڵاکە بگرن، چۆن دەتوانن بیست هێندەی خۆیان دەستگیربکەن و لەگەڵ خۆیاندا راپێچیان بکەن بۆ قەیرەوان[2]؟.

دووەم: کۆی گێڕانەوەکان یاریکردنی گێڕەرەوەکانیان پێوەدیارەو بەویست و بۆچوونی خۆیان ژمارەو زانیارییەکانیان داڕشتووە[3]، بۆنموونە سێ هەڵمەت، ژمارەی بەکۆیلەکراوەکانی هەر هەڵمەتێکیان (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزارە، بەڵام نەزانرێت ئەم بەربەرانە سەر بە چ هۆزێکبوون و لە چ ناوچەو دەظەرێکدا ژیاون و هەڵمەتەکان بۆسەر چ ناوچەیەکبوون، هاوکات ئاماژە بەهیچ سەرکردەیەکی بەربەرو هیچ پێکدادان و رووبەڕووبوونەوەیەك نەکرێت، یاخود لەناوچەیەکی نزیك قەیرەوان و مەغریبی نزیکدا ئەو ژمارەیە راپێچبکرێن، بەڵام پێشتر لەشەڕو هەڵمەتی گەورەی وەك کوشتنی کوسەیلەو شاژنە کاهنەدا، ئاماژە بەدەسکەوتێکی مرۆیی ئەوتۆ نەکراوە، لەکاتێکدا رووداوەکانیان بەوردی تۆمارکراون. لەلایەکی دیکەوە سەرەڕای جیاوازی لە ژمارەی هەڵمەتەکان و ناوی سەرکردەکاندا، دوو ژمارەکە (واتە ژمارەی دەسکەوت و بڕی پێنجیەك) لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن، دەبێت یەکێکیان هەڵەبێت (الیافعي، ١٩٩٧: ١/ ١٥٩)؛ بەبۆچوونی ئێمە دەکرێت ژمارەکان هەڵەبن، بۆیە لەلای (الذهبي و ابن کثیر) بەبێ پاڵپشت بەسەرچاوەی جیاوازتر، بۆچارەسەرکردنی دژبەیەکبوونەکە، پێنجیەکەکەیان کردووە بە (٤٠،٠٠٠) چل هەزار؛ هەروەها (ابن الاثیرو النویري)ش بۆ راستکردنەوەی ژمارەکە دەڵێن موسا خۆیشی بەرەو لایەك هەڵمەتی بردو ئەویش

---

١- بەگشتی زانیارییەکانی پەرتوکی (الامامة والسیاسة) جێگەی هەڵوێستەکردنن، هاوکات ئەوە نەسەلمێندراوە کە ئەی (ابن قتیبة الدینوري) بێت، بەڵکو دراوەتە پاڵ ئەو. (توێژەر).

٢- توێژەرێك ژمارەکەی وەك راستییەکی بێگەرد وەرگرتووە. بڕوانە:(محمد الطالبي، ١٩٩٥: ٣٩).

٣- (الامامة والسیاسة) زانیاریی زۆری دژبەیەکی لەخۆگرتووە، بۆنموونە دەڵێت: خەلیفە (عبدالملك) لەساڵی (٨١ك)دا حەسانی کرد بەوالی ئیفریقیەو بەرقەشی خستۆتە ژێردەسەڵاتی، بەڵام والی میسر (عبدالعزیز بن مروان) گێڕاویەتییەوە بۆ شام، دواتر (قرة بن حسان الثعلبي) کراوە بەوالی ئیفریقیە...هەروەها دامەزراندنی خانەی دروستکردنی کەشتیو راکێشانی ئاو بۆ تونس دەداتە پاڵ موسا. سەبارەت بەیاریکردن بەدەق، دەگێڕێتەوە کە موسا نامەی بۆ والی میسر نووسیوە، کە پێنجیەکەکە بریتییە لە (٣٠،٠٠٠) سی هەزار کەس، نووسەرەکە لێیتێکچووە، بەڵام کاتێك والی نامەکەی خوێندۆتەوە ژمارەکەی بەزۆر زانیوەو گومانیبردووە نووسەرەکە هەڵەی کردووە، بۆیە نامەی بۆناردۆتەوەو داوای ژمارە راستەقینەکەی لێکردووە، موساش بۆی نووسیوەتەوە کە گومانەکەی ئەمیر راستەو نووسەرەکەی هەڵەیکردووە، پێنجیەکەکە (٦٠،٠٠٠) شەست هەزارە ئەی ئەمیر، والیش راستەوخۆ بەنامە هەواڵەکەی ناردووە بۆ خەلیفەو ئەوەی بیرهێناوەتەوە کە بۆچوونی چۆنبووە لەسەر لادانی حەسانو دانانی موسا؛ دواتر باسی هاتنی چۆلەکەیەك دەکات، کەبەسەر سنگی موساوە نیشتۆتەوە، ئەویش سەریبڕیوەو خوێنەکەی داوە لەسنگیو (چۆلەکەکەی لەخۆی لاداوە؟!) وتویەتی: سوێند بەپەروەردگاری کەعبە ئەوە سەرکەوتنە. بڕوانە:(ابن قتیبة الدینوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ٦٤، ٧٤، ٨٠-٨١؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤٠-٤١).

ئەوەندەی هێنا! (ابن عبدالحكم و ابن عساكر)یش پێنجیەکەیان کردووە بە (٢٠،٠٠٠) بیست هەزار، ئەگەرچی ئەمەش لەگەڵ ئەو ژمارەیەی کە بۆدەسکەوتەکان ئاماژەیان پێکردووە، ناگونجێت.

هەروەها لە (الامامة والسیاسة)دا هاتووە، پێنجیەکەی موسا ناردوونی (١٠٠،٠٠٠) سەدهەزار کەس بوون و لەئەسکەندەریەی میسر هەندێکیان چوونەتە کڵێسەیەك، کەدواتر بە (کڵێسەی کۆیلە) ناسرا، بازاڕێکی شاری (فسطاط)یش بەهۆی ئەوانەوە ناونرا (بازاڕی بەربەر) ((ابن قتیبة الدینوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ٩٩-١٠٠)، بەڵام لەڕاستیدا کڵێسەکە بوونی نەبووە، ناونانی بازاڕەکەش بۆ چەندین دەیە دواتر دەگەڕێتەوەو بەهۆی ئەوەوە ناونراوە کە بەربەر کەسێکیان بەناوی (كعب بن يسار بن ضبه العبسي) بەپیرۆز داناوەو هاتوچۆیانکردووە، چونکە لەنەوەی (أبا خَالِد بْنَ سِنان العَبْسي) بووە، کە لەپێش ئیسلامدا هۆزەکەی بەپێغەمبەریان داناوەو هەندێك بەربەریش بەپێغەمبەری خۆیان داناوە(ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ١٣٧؛ الكندي، ٢٠٠٣: ٢٢١؛ الحموي، ١٩٩٥: ٣/ ٢٨٣)؛ ئەمە جگە لەوەی هیچ یەکێك لەسەرچاوەکان ئاماژەیان بە گواستنەوەی بەکۆیلەکراوێکی ئەوەندە زۆر نەداوە، لەکاتێکدا ئەگەر روویدایە دەبووە رووداوێکی سەرنجڕاکێش.

سێیەم: (ابن الخیاط) زۆر بەکورتی لەژێرباسی ساڵی (٨٠ك/٦٩٩ز)دا باسی پەلامارێك دەکات و دەڵێت:"ساڵی (٨١ك/٧٠٠ز) روویداوە"؛ (ابن عساكر)یش راستەوخۆ زانیارییەکەی لەوەوە وەرگرتووە؛ (الامامة والسیاسة)ش ژمارەی بەکۆیلەکراوەکانی بە دووجار باسکردووە، پەلامارە سەرەکییەکە لەساڵی (٨٠ك)دا بەسەرکردایەتی موسا خۆی و بە بەشداری (المغیرة) وەك سەرکردەی باڵی راستی سوپاکە، بەڵآم ژمارەی جەنگاوەرەکانی (٦،٠٠٠) شەش هەزار بووەو (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار کەسی لێکردوون بەکۆیلە، دواتر موسا گەڕاوەتەوە بۆ قەیرەوان، بەبیستنی هەواڵی زۆری دەسکەوتەکان، جەنگاوەرەکانی مەغریبی نزیك خۆیان گەیاندو لە پێکدادانی (المغیرة)و (صنهاجه)دا (٦٠،٠٠٠) شەشت هەزار کەسی لێکردوون بەکۆیلە، ئەمانەش لەگەڵ هیچ پێوانەیەکی زانستیدا یەکناگرێتەوە. (ابن خلدون)یش بەبێ ئاماژەدان بەکۆی گشتی بەکۆیلەکراوەکان، پێنجیەکەی بە (٧٠،٠٠٠) حەفتا هەزار داناوە.

چوارەم: گوایە هەڵمەتەکە بە (٥،٠٠٠) پێنج هەزار جەنگاوەرەوە ئەنجامدراوە، ژمارەی بەکۆیلەکراوەکانیش (٤٠،٠٠٠) چل هەزار کەسبووە و ئەمەش لەبنهێنانی خەڵکی سوس بوو لەسەر دەستی مەڕواندا؛ ژمارەی سوپاکەو بەکۆیلەکراوەکان ناهاوتان و رێگەی تێناچێت، هەروەها لەبنهێنانی (صنهاجه)ش دوورە لەڕاستییەوە، هاوکات گوایە پادشای سوس ناوی (مزدانة الأسواري) بووە، ئەوەش لەهیچ سەرچاوەیەکدا ناوی نەهاتووەو ناوێکی نامۆیە (ابن قتيبة الدينوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ٨٢)[١].

پێنجەم: لەکاتێکدا دەوترێت (سکوما) شارێك بووە لە نزیك فاس و لە رۆژئاوای جیهانی ئیسلامیدا لەوە گەورەتری تێدانەبووە (مؤلف مجهول، ١٩٨٦: ١٩٤؛ الحمیري، ١٩٨٠: ٣٢٨، ٦٠٩)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژوونووسان دیقەتیان لەناوەکەی نەداوەو بەچەندین شێوازی جیاواز رێنووسیان کردووە[٢]، هاوکات گێڕانەوەکە شێوە ئەفسانەییەکی بەخۆوەگرتووە و بەدوو شێوازی جیاواز لەیەکدی گێڕدراوەتەوە، بۆیە پێدەچێت بەگوێرەی رەوشی رۆژگار گۆڕانکاری تێداکرابێت، لە (الامامه والسیاسه)دا موسا تفاقی سوپاکەی لەشوێنێکدا بەناوی (سجن المُلُوك) بەجێهێشتووە و بە (١٠،٠٠٠) دە هەزار جەنگاوەرەوە چووە بۆشەڕ، ئەوانیش لەچیایەکی سەخت و دژواردا بوون، کە تەنها چەند رێگەیەکی

١- تەنها (ابن عذاري) ناوەکەی هێناوە، ئەویش لەوەوە زانیارییەکانی وەرگرتووە. (ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤٥).

٢- ناوەکە بە شێوازەکانی (سکوما/ سقوما، شکوما، سَقَرْمي، سلوما، سجومه) هاتووە، بڕوانە:(ابن خیاط، ١٣٩٧هـ: ٢٩٠؛ البكري، ١٩٩٢: ٢/ ٧٩٨؛ الحموي، ١٩٩٥: ٣/ ٢٢٦، ٢٢٧؛ ابن عساكر، ١٩٩٥: ٦١/ ٢٢٠؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤١؛ مؤلف مجهول، ١٩٨٦: ١٩٤؛ الحمیري، ١٩٨٠: ٣٢٨، ٦٠٩).

دیاریکراو هەبووە بۆ گەیشتن پێی، پاش سێ ڕۆژ شەڕ، ئەوسا پیاوێك لەپادشاکانیان! داوای زۆرانبازی کردووە، موساش مەڕوانی کوڕی بۆناردووە، کە گەنجێکی تازەپێگەیشتوو بووە، بۆیە ئەویش ڕەتیکردەوە شەڕی لەگەڵدا بکات، بەڵام مەڕوان وازی لێنەهێناوەو کوشتوویەتی، دوای سەرکەوتنی مسوڵمانان و کوژرانی (کسیلة بن لمزم)ی پادشایان[1]، موسا فەرمانی بە (عیاچ، عثمان، اباعبیدة)ی کوڕانی عوقبە کرد تۆڵەی باوکیان لە بکوژەکەی (خەڵکی سجومە) بکەنەوە، ئەوانیش (٦٠٠) شەشسەد کەسیان لە گەورەکانیان کوشت؛ گوایە لەنێو بەکۆیلەکراوەکاندا کچانی کوسەیلەو پادشاکانیان بوون، کە موسا مەڕوانی کوڕی سەرپشککرد یەکێکیان هەڵبژێرێت، ئەویش کچەکەی کوسەیلەی هەڵبژارد.

بەگوێرەی گێڕانەوەی دووەم کاتێك (موسی بن نصیر) گەیشتە تەنجە، (عیاض بن عقبة)و (سلیمان بن أبو المهاجر) چوون بۆ قەڵایەك بەناوی (سقوما) لە نزیك فاس، داواشیان لە موسا کردووە لەگەڵیاندا بچێت، ئەویش ڕەتیکردۆتەوەو وتویەتی ئەوان گوێڕایەڵی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام ئەمان قسەی توندیان بەرامبەر کردۆتەوە، هەتا ناچاریانکردووە لەگەڵیاندا بچێت، سەرەتا خەڵکی قەڵاکە سەرکەوتوون، دواتر (عیاض) لەپشتەوە چووەتە ناو قەڵاکەو هەموویان کوشتن، بەمەش هۆزی (أوربە) هەتا ئەمڕۆ ژمارەیان کەمە؛ هاوکات گوایە موسا بەنامەیەك ئاگاداری خەلیفە وەلیدی کردۆتەوە کە (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار بەدیلکراوی بۆناردووەو بەڕێوەن بۆلای، خەلیفەش بۆینووسیوەتەوە:"تیاچوون بۆتۆ، واگومان دەبەم یەکێکە لەدرۆکانت, ئەگەر تۆ ڕاستەکەیت ئەوا ڕۆژی حەشری میللەتانە" (البکري، ١٩٩٢: ٢/ ٧٩٨؛ الحموي، ١٩٩٥: ٣/ ٢٢٦-٢٢٧؛ عبیدالله بن صالح، ١٩٥٤: ٢٢٤؛ مؤلف مجهول، ١٩٨٦: ١٩٤؛ ابن خلدون، ١٩٨٨: ٦/ ١٣٩؛ الحمیري، ١٩٨٠: ٣٢٨).

ئەگەر هەیە مێژوونووسان ژمارەی ئەوانەی دڵنیاییان پێبەخشراو مسوڵمانبوون، لەگەڵ دیل و بارمتەکاندا تێکەڵکردبێت (محمد عیسی الحریري، ١٩٨٧: ص٤٦)، واتە پێدەچێت کۆی هەمووانیان بە دەسکەوت دانابێت، تەنانەت ئەو ژمارەیە دیل و بەکۆیلەکراوەکانی دوورگە ئاوییەکان ناگرێتەوە، کە پەلاماردانەکانیدا بۆسەر دوورگەی (صقلیة، سردانیة) بەدەستیهێنا (ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤١، ٦١؛ الذهبي، ١٩٩٣: ٦/ ٢٩)[2]؛ بەڵام ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە هەندێك لەداڕێژەرانی دەقەکان ئامانجیان ئەوەبووە موسا وەك پاڵەوانێکی دەگمەن و جیاوازتر لەوالییەکانی دیکە وێنابکەن، هەروەك دەوترێت: لە ئیسلامدا کەس بەوێنەی بەکۆیلەکردنەکەی موسای نەبیستووە (ابن خلکان، ١٩٩٤: ٥/ ٣١٩؛ المقري، ١٩٠٠: ١/ ٢٣٩)[3]. هەروەها گوایە (کسیلة بن لمزم) و کوڕانی کاهنە یەکێکبوون لەچەندین پادشای بەربەرو سەد کەسی دیاری پادشایانی ئەندەلوس و بیست پادشای شارەکانی ئەفریقیا کە موسا لەگەڵ خۆیدا بردنی بۆ دیمەشق (ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤٤-٤٥). هاوکات چەندین هەواڵ و ڕووداوی نامۆی دراوەتەپاڵ[4]، گوایە ئەو ڕۆژەی گەوهەرەکانیان لە ئەندەلوس دەسکەوتووە، دەنگێك لەنادیارەوە بانگیکردوون و وتویەتی: ئەمڕۆ دەرگایەکی

---

١- دەشوترێت ساڵی (٨٠ك) بووەو کوسەیلەی پادشایان رایکردووە. بڕوانە:(ابن خیاط، ١٣٩٧هـ: ٢٧٩)؛ ابن عساکر، ١٩٩٥: ٦١/ ٢١٦).

٢- بۆنموونە شاری (أولیّة)ی دوورگەی (صقلیة)ی گرتو دەوترێت ژمارەی بەکۆیلەکراوەکانی گەیشتە (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار. بڕوانە:(الذهبي، ١٩٩٣: ٦/ ٢١).

٣- فەتحی ئەندەلوس وایکرد تووڕەیی‌و خۆخواردنەوەی بەربەر لەدژی موسا نەتەقێتەوەو لەدژی قوتەکان ئاراستەیان بکاتو بەجەنگی ئەوانەوە سەرقاڵییان بکاتو لەو یاخینەبن، بەتایبەتیش کە بەربەر رقیان لە قوتەکان بووە. بڕوانە:(محمد علي دبوز، ٢٠١٠: ٢/ ١٤٢-١٤٣، ١٥٦).

٤- بڕوانە: (ابن قتیبة الدینوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ٨٣-٨٦). یەکێك لە نەوەکانی موسا بەناوی (معارك بن مروان بن عبدالملك بن مرون بن موسی ١٩٧ك/٨١٣ز) پەرتوکی لەسەر فتوحاتەکانی باپیری لە ئەندەلوس نووسیوە؛ بۆیە دوورنیە ئەو سەرچاوەی ئەم بایەخدانە بە موسابێتو ژمارەی بۆکۆیلەکراوەکانی بەوجۆرە ئەژمارکردبێت. بڕوانە:(ابن یونس، ١٤٢١هـ: ٢/ ٢٤١؛ الحمیدي، ١٩٦٦: ٣٣٨؛ ابن عساکر، ١٩٩٥: ٦١/ ٢١٣؛ الضبي، ١٩٦٧: ٥٤٨).

دۆزەختان لێکراوەتەوە(ابن عساکر، ١٩٩٥: ٦١/ ٢١٨؛ الذهبي، ١٩٩٣: ٦/ ٤٨٦)؛ هەروەها گوایە موسا هەواڵی مردنی خۆی داوە بەخەڵك و وتوویەتی بەیانی کەسێك دەمرێت کە ناوبانگی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای تەنیوە (ابن قتیبة الدینوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ١١٧؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤٦، ٢/ ٢٢)؛ ابن الكردبوس، ٢٠٠٨: ٢/ ١٠٢٧).

وادیارە ئامانجێکی دیکە لەپشت داڕشتنی هەندێك دەقەوە بۆ بیانووهێنانەوەو پاکانەکردن بوو بێت بۆ مامەڵەی خەلیفە سولەیمان و یەزید بەرامبەر بە موساو کوڕەکانی، واتە هەوڵدرابێت موسا بەخاوەن دەسکەوتێکی زۆر بناسێنن، لەمەوەش گێڕانەوەکان سەبارەت بەزۆری ژمارەی بەکۆیلەکراوەکان هاتبنەئارا، وەك ئەوەی گوایە کاتێك موسا لەساڵی (٩٥ك/٧١٤ز)دا لە ئەندەلوس گەڕاوەتەوە، کەنیزەکەکانی وەك دیاری بەسەر جەنگاوەرە هاوەڵەکانی و ئەو جەنگاوەرانەی بۆپێشوازی هاتبوون دابەشکرد، واتە هەموو کەنیزەکەکانی کردە بووك بۆیان[1]؛ مەڕوانی کوڕیشی کاتێك لە سوس گەڕایەوە، هەمان کاری ئەنجامدا بۆ ئەو جەنگاوەرانەی لەگەڵ باوکیدا پێشوازیان لێکرد، باوکیشی لەکاردانەوەیدا هەمان دیاریدا بەهەموو ئەوانەی لەگەڵ کوڕەکەیدا بوون، تەنانەت گوایە موسا هەتا گەیشتۆتە دیمەشق، هەر زاناو کەسایەتییەکی پێگەیشتووە بەکۆیلەکراوێك یان زیاتر خەڵاتی کردووە(رقیق القیرواني، ١٩٩٠: ٥٤-٥٥؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤٤، ٤٥، ٢/ ١٩-٢٠). هەروەها گوایە (یزید بن المهلب) لە موسای پرسیوە کە ژمارەی کۆیلەو خزمەتکارەکانی چەندەیە؟ ئایا هەزار دەبن؟ ئەویش وتوویەتی: هەزار هەزارو (واتە یەك ملیۆن) هەتا هەناسە دەبڕێت!! (ابن قتیبة الدینوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ٩٩)؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤٦، ٢١/٢؛ الذهبي، ١٩٩٣: ٦/ ٤٨٨)؛ یان ڕۆژێك سولەیمان لێیپرسیوە کە هێندەی ئەو ڕانە مەڕەی هەیە، کە نزیکەی هەزار سەر بووە، ئەویش وتوویەتی چەندجارەی ئەوەم بینی کە خوارترین مەوالیم هەیبوو(ابن عذاري، ١٩٨٣: ٢/ ٢٢)، ئەم هەواڵ و دەنگۆیانەبوو کە وایکرد سزای دارایی خەیاڵییان بەسەردا بسەپێنرێت و دواجاریش لەلایەن خودی دەوڵەتی ئومەوییەوە کوڕەکانی لەناوببرێن(ابن عبدالحکم، ١٤١٥هـ: ٢٤٠-٢٤١؛ الیعقوبي، د.س: ٢/ ٢٩٤؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤٥-٤٧، ٢/ ٢٠-٢٢؛ الذهبي، ١٩٩٣: ٦/ ٤٨٨؛ المقري، ١٩٠٠: ١/ ٢٨٠)[2].

دوای فتوحاتی ئەندەلوس، موسا لەگەڵ خۆیدا (٣٠،٠٠٠) سی هەزار بەکۆیلەکراوی پێبووە بۆلای خەلیفە وەلید(ابن خیاط، ١٣٩٧هـ: ٣٠٧؛ ابن الفرضي، ١٩٨٨: ٢/ ١٤٥؛ ابن عساکر، ١٩٩٥: ٦١/ ٢٢١؛ الذهبي، ١٩٩٣: ٦/ ٢٦٣؛ ابن کثیر، ١٩٨٨: ٩/ ١٩٧)، لەکاتێکدا موسا لە ئەندەلوسەوە گەڕاوەتەوە بۆ دیمەشق و ئەوەندە دەسکەوتی پرۆسەی فتوحاتی ئەندەلوس بێت، بەڵام ژمارەی بەکۆیلەکراوەکانی هەر هەڵمەتێکی بۆسەر هۆزێك یان شارێکی بەربەر بەچەندین ئەوەندەی کۆی بەکۆیلەکراوەکانی هەموو ئەندەلوس، ئەژمارکراوە. بۆیە بەبۆچوونی ئێمە گێڕانەوەکان بریتین لەنووسینەوەی چیرۆکەکانی چیرۆکخوانەکانی ئەو سەردەمە، نەك تۆمارکردنی مێژوو، هەموو گێڕانەوەکانی ئەژماری بەکۆیلەکراوەکانی هەڵمەتەکانی موساو پێنجیەکی (٦٠،٠٠٠) شەست هەزار سەر، دەدرێنە پاڵ زانای بەناوبانگ و فەقیهی بەناوبانگی میسر (اللیث بن سعد ٩٤-١٧٥ك/٧١٣-٧٩٢ز)، لەکاتێکدا ئەو نەك لەڕووداوەکاندا بەشدار نەبووە، بەڵکو لەدایکیش نەبووبوو، ئاماژەش بەو کەسە ناکرێت کە ئەو زانیارییەکانی لێوەرگرتبێت، بۆیە ئەگەر هەیە گێڕانەوەکان بەناوی کەسایەتییەکی ئایینی و زانای وەك ئەوەوە وترابن، هەتابنە جێگەی متمانەپێکردنی خەڵك(رقیق

---

١- گوایە کچانی پادشایانی ڕۆمو بەربەر بوون، لەباسی (عبدالله بن ابي السرح)یشدا دەوترێت (٢٠٠) کەنیزەکی لەکچانی پادشایانی ڕۆمو بەربەر داوە بە (عبدالعزیز بن مروان)؛ بۆیە گێڕانەوەکە جێگەی گومانە. بڕوانە: (ابن عذاري، ١٩٨٣: ٣٩/١).

٢- پرسی کوشتنی (عبدالعزیز بن موسی) بەفەرمانی سولەیمان، ڕەتدەکرێتەوە. بڕوانە:(مؤلف مجهول،١٩٨٩: ٢١-٢٢).

القيرواني، ١٩٩٠: ٤٥)[١]. هەروەها گێڕانەوەی کارەساتی (سقوما)و ژمارەی بەکۆیلەکراوەکان و نامەی موسا لەوبارییەوە بۆ خەلیفە، راستەوخۆ بێ گێڕەرەوەی دیکە لەنێوان مێژوونووس و ئەودا دەدرێتەپاڵ (عبدالله بن ابي حسان اليحصبي ١٤٠ك-٢٢٧ك/٧٥٨-٨٤٢ز)[٢]؛ کە باوکی لەهەڵمەتەکان بۆسەر بەربەر بەشداربووەو کراوە بەکاربەدەستی (الأربس) (القاضي عياض، ١٩٧٠: ٣/ ٣١٠).

لەگەڵ هەموو سەرنجە باسکراوەکاندا، هەندێك توێژەر بیانوو بۆ پەلامارەکانی موسا دەهێننەوەو گوایە سەرانی بەربەرو قەڵای (زغوان) وەك کاردانەوەیەك بەرامبەربە لادانی حەسان، لەدەسەڵاتی قەیرەوان هەڵگەڕانەوە(ابن الاثير، ١٩٩٧: ٤/ ٢١؛ محمد علي دبوز، ٢٠١٠: ٢/ ١٣٦، ١٤٠)[٣]، ئەگەر شتێکی لەوجۆرە روویدابێت ئەوە دەبێت لەسەر لادانی (ابو صالح)ی مەوالی بووبێت، چونکە حەسان ئەوی لەدوای خۆی بەجێهێشت، یان دەبوایە ئەو رووبەڕووی هەڵگەڕانەوەکە ببوایەتەوە، هاوکات نیگەرانبوونیان ئاماژەیە بۆئەوەی کە بەربەری قەڵاکە مسوڵمانبوون، بەڵام موسا کردنی بەدەسکەوتی جەنگ؟!، راستە لادانی حەسان بووە مایەی نیگەرانبوون، بەڵام ئەوانە زیاتر عەرەبە نیشتەجێبووەکان و جەنگاوەرەکان بوون(ابن عساكر، ١٩٩٥: ١٢/ ٤٥٢)، بێگومان ئەگەر راستبێت گوایە موسا لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا پێدانی جەنگاوەرەکانیشی کردە سێ هێندە(ابن قتيبة الدينوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ٧٢)، ئەوە ئاماژەیە بۆئەوەی جەنگاوەرەکان لەئاڵوگۆڕەکە ناڕازیبوون. یاخود هەڵمەتەکانی موسا دەگێڕنەوە بۆ هەواڵزانینی موسا بە هێزکۆکردنەوەی بەربەر لە درعەو سوسی دوور (عبدالعزيز الثعالبي، ١٩٩٠: ٩٢)، یان مەغریبی دوور زۆرینەیان بتپەرست بوون، بۆیە دەسکەوت و کۆیلەکراوەکانیشی زۆربوون(بوخالفة نور الهدى، ١٩٨٦: ١٣٤) ؛ یان ئەگەر زێدەڕۆییکردنی موسا لەبەکۆیلەکردنی بەربەردا، زیانی گەورەیشی هەبووبێت، ئەوا قازانجی زۆریشی هەبووە، کە بووە هۆی لەیەکدی نزیکردنەوەی نەتەوەکان و جیاوازییەکانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوای نەهێشت(محمد علي دبوز، ٢٠١٠: ٢/ ١٥٢)[٤]، بەپێچەوانەشەوە توێژەرێك دەڵێت:"موسا وایکرد لە بەربەر، عەرەب بە گەلێکی دڵڕەقی هەوڵدەر بۆ دەسکەوت و پارە وێنابکەن، کە لەبناغەشدا وانەبوون، بەڵام دەرەنجامی رەفتاری موسا بوو"(حسين مؤنس، معالم، ٢٠٠٠: ٦).

بەکورتی، دەگونجێت هەندێك لەهۆزەکانی بەربەر لەماوەی نێوان لادانی حەسان و دەستبەکاربوونی موسادا دەستیانکردبێت بەهێز کۆکردنەوەو پەلاماردانی مسوڵمانەکان، بەڵام ئاماژە بەهیچ هەڵمەتێکی وەها نەکراوە کە بارتەقای هەڵمەتەکانی موساو ژمارەی بەکۆیلەکراوەکان بێت، هاوکات لەگەڵ ئەوەی زێدەڕۆییەکی زۆر لەهەڵمەتەکانی و ژمارەی بەکۆیلەکراوەکان و سەروەت و سامانی موسادا کراوە، بەتایبەتی کە گێڕەرەوەکان زیاتر

١- تەنانەت توێژەرێك بەبێ هیچ لێکدانەوەیەك بۆ گێڕەرەوەکانی گێڕانەوەکە، دەڵێت:"بڕی (٦٠،٠٠٠) شەست هەزارەکە دروستترینیانە، چونکە وتەی فەقیهە راستگۆکانەو زۆربەی سەرچاوەکانیش کۆکن لەسەری"؛ ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی وتەکە بەناوی لەیسەوە وتراوە. بڕوانە:( عبدالحميد حمودة، ٢٠٠٧: ١٠٨).

٢- هاوکات فەرموودەی هەڵبەستراویشی دراوەتەپاڵ، وەك فەرموودەی: هەر کەسێك سێ رۆژ لە منسەتير ئێشکبگرێت، بەهەشتی بۆ مسۆگەر کراوە". بڕوانە: (ابو العرب، د.س: ٢-٣).

٣- گوایە مسوڵمانان کەوتبوونە دۆخێکی زۆر مەترسیدارەوە. بڕوانە:(ابن قتيبة الدينوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ٧٢). توێژەرێك هەڵکەی راستکردۆتەوەو دەڵێت بەهۆی لادانی (ابو صالح)ەوە هەڵگەڕانەوە. بڕوانە:(عبدالعزيز الثعالبي، ١٩٩٠: ٨٨-٨٩).

٤- بۆ بیانووهێنانەوەی زیاتر، بڕوانە:(علي محمود الجندي، د.س: ٨٢).

بایەخیان بە دەسکەوتە مادییەکانی جەنگەکان داوە[1]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیە بۆسیاسەتی توندوتیژیی موساو هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوت، پێدەچێت لەمامەڵەکردنی لەگەڵ گەلی ژێردەستەدا، کاریگەریی سیاسەتی حەجاجی لەسەربووبێت، چونکە موسا لەماوەی والێتی حەجاجدا، کاربەدەستی خەراج بووە لە بەسرە، هاوکات تۆمەتبارکراوەو خەلیفە (عبدالملك) سزای دارایی بەسەردا سەپاندووە، تەنانەت گوایە ویستوویەتی بیشیکوژێت، بەڵام والی میسر رزگاریکردووە(ابن عبدالحکم، ١٤١٥هـ: ٢٣١؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٣٩؛ محمد علي دبوز، ٢٠١٠: ٢/ ١٤٤)؛ ئەگەر ئەم پاشخانە راستبێت، هاوکات خەلیفە لەدانانی موسا ناڕازیبووبێت، ئەوا پاڵنەربووە بۆ موسا هەتا هێز بکاتە بنەماو لەرێگەی هەڵمەتە سەربازییەکانییەوە[2]، لەلایەك پێگەو دەسەڵاتی خۆی جێگیربکات، لەلایەکی دیکەشەوە لەرێگەی دەسکەوتی هەڵمەتەکانەوە والی میسرو خەلیفە رازیبکات، ئاماژەش بۆ ئامانجی یەکەم دانانی کوڕەکانیەتی لەسەر هەموو مەغریب و ئەندەلوس، ئاماژەی دووەمیش شانازیکردنیەتی بەزۆری دەسکەوتەکان و هەواڵدانەکانیەتی بە والی میسرو خەلیفە، تەنانەت گوایە لەلای خەلیفە هەموو فەتحی ئەندەلوس و دەسکەوتەکانی کردووە بە هی خۆی، بەڵام تارق بەدرۆیخستۆتەوە(ابن عبدالحکم، ١٤١٥هـ: ٢٣٩؛ ابن عساکر، ١٩٩٥: ٢٤/ ٤١٨، ٤١٩؛ المقري، ١٩٠٠: ١/ ٢٧١، ٢٨٠)[3]، تەنانەت بەناپاکیکردن لە دەسکەوتەکانی ئەندەلوس تۆمەتباریکرد(رقیق القیرواني، ١٩٩٠: ٥٦)، بەدیاریکراوی لەدەسکەوتی گەوهەری پادشاکانی ئەندەلوسدا، دوای ئەوەی خەلیفە سولەیمان دڵنیابووەتەوە لە راستگۆیی تارق، موسای بەندکردو سزایەکی دارایی زۆری بەسەرداسەپاند (ابن القوطیة، ١٩٨٩: ٣٨؛ مؤلف مجهول، ١٩٨٩: ٣٥-٣٦)[4]. هەروەها (عیسی بن عبد الله الطویل) کە لەسەردەمی موسادا بەرپرسی دەسکەوتەکانی ئەندەلوس بوو(الحمیدي، ١٩٦٦: ٢٩٩؛ الضبي، ١٩٦٧: ٤٠٣؛ ابن الأبار، ١٩٩٥: ٤/ ٣)، بەخەلیفە سولەیمانی وتووە موسا لەهەموو ئەوانەی بۆتی هێناوە پێنجیەکی دەرنەکردووە، ئەویش هەمووی خستۆتە بەیتولمالەوە(ابن عبدالحکم، ١٤١٥هـ: ٢٣٩ )[5]. جگەلەوە کەنیزەکێکی خێزانی (عمر بن عبدالعزیز) کە بەربەر بووە، بۆ عومەری باسکردووە کە باوکی تاوانێکی کردووەو لەدەستی موسا رایکردووە، ئەویش ئەمی گرتووەو ناردوویەتی بۆ (عبدالملك)، ئەویش داویەتی بە فاتیمەی کچی...، عومەر وتوویەتی:"خەریکە ئابڕوومان دەچێت"، پاشان ناردوویەتییەوە بۆلای خانەوادەکەی(الفسوي، ١٩٨١: ١/ ٦٠١؛ ابن عساکر، ١٩٩٥: ٤٥/ ١٩٥).

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەکرێت هەندێك لەم گێڕانەوانە بەئامانجی پاکانە بۆ مامەڵەی دەوڵەتی ئومەوی بەرامبەر بە موساو کوڕەکانی، داڕێژرابن، بەڵام زۆری گێڕانەوەکان و جۆراوجۆری رووداوەکان، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە

---

١- بۆنموونە لەباسی پەلامارەکەی عوقبە بۆسەر سوسی دوور (وڵاتی تامسنا)دا دەوترێت چەندین ئافرەتی بە کەنیزەك گرتووە، کە لەجوانیدا بێهاوتابوون‌و نرخی هەر یەکێکیان، لە رۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی هەزار دینار بووە. بڕوانە:(رقیق القیرواني، ١٩٩٠: ١٥؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٢٦-٢٧). هەروەها باسی پەلاماری حەبیب بۆسەر هۆزی (مسوفة) دەوترێت بەکەنیزەکی بێوێنەی نرخ بەرزەوە گەڕایەوە بۆلای (عبید الله بن الحبحاب). بڕوانە:(رقیق القیرواني، ١٩٩٠: ٧٢).

٢- بۆ زانیاری سەبارەت بەهەڵمەتەکان، بڕوانە:(ابن خیاط، ١٣٩٧هـ: ٢٨١، ٢٨٨، ٢٩٠، ٢٩٢، ٣٠٠، ٣٠٢، ٣٠٥)؛ موسا بووبوو بە نەریتی هێرشبکاتە هۆزەکانی بەربەر. بڕوانە:(الذهبي، ١٩٩٣: ٦/ ٦).

٣- دەوترێت (طارق)و (مغیث الرومي) مەوالی خەلیفە وەلید سکاڵایان لە موسا کرد. بڕوانە:(المقري، ١٩٠٠: ١/ ٢٧٩-٢٨٠). بەناوی (معتّب الرومي)یش هاتووە، بڕوانە:(ابن عبدالحکم، ١٤١٥هـ: ٢٣٨-٢٣٩).

٤- ئەشکەنجەدانی موسا لەلایەن خەلیفە سولەیمانەوە، رەتدەکرێتەوە. بڕوانە:(حسین مؤنس، ٢٠٠٨: ٩٨-٩٩؛ السید عبدالعزیز سالم, ١٩٩٩: ١٩٩-٢٠٠).

٥- واتە موسا دەستکەوتەکانشی بەگوێرەی ئایینی ئیسلام بەسەر جەنگاوەرەکاندا دابەشنەکردووە. بڕوانە:( محمد علي دبوز، ٢٠١٠: ٢/ ١٦٨).

موسا ئامـانجی پتەوکردنـی پـێگەی خۆیبـووە لە دەوڵەتـدا، کە دواجـار ژیـانی بەخـۆی و خـانەوادەکەی و دەوڵەتـی ئومەویش گەیاند. والی دواتر (مُحَمّد بن يزِيد القرشي) لەگەڵ ئەوەی یەکێکبوو لەوالییە باشەکان و خەلیفە سولەیمان داوای لێکـردووە لەخـودا بترسـێت و دادپەروەربێـت، ئەویـش وتـوویەتی: هـیچ بیـانوویەکم نیـیە دادپەروەر نەبـم، هەرواش بوو، بەڵام فەرمانی پێکرا بەدەستگرتن بەسەر سەروەت و سامانەکانیان و گرتن و ئەشکەنجەدانی (عبـد الله بـن موسـی بـن نصـير)و ئەنـدامانی خانەوادەکەیـان، هەتـا بـڕی (٣٠٠،٠٠٠) سێسـەد هەزار دینـار دەدەن، هەروەهـا (عبدالعزيز)ی برایشی لە ئەنـدەلوس بەپـیلان کـوژرا (رقيـق القيرواني، ١٩٩٠: ٥٩-٦٠؛ ابـن عـذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤٧؛ النـويري، ١٤٢٣هـ: ٢٤/ ٥٤-٥٦)[١].

دووەم/ نەتەوەی بەربەر لەژێر بەردەوامی ستەمی والییەکان و بەرپرسیارێتی خەلیفەکانی ئومەویدا:

دەستبەکاربوونی (إسْمَاعِيل بن عبيد الله بن أبي المُهَاجر) لەلایەن (عمر بـن عبـدالعزيز)ەوە مـاوەیەکی ئـارامبوو بـۆ بەربەرو هەوڵیدا لەڕێگەی بـانگەوازکردنەوە بـۆ ئیسـلام بانگهێشـتیان بکـات و دادپەروەری پیـادەکرد(ابـن عبـدالحکم، ١٤١٥هــ: ٢٤١؛ الـبلاذري، ١٩٨٨: ٢٢٩؛ قدامـة بـن جعفـر، ١٩٨١: ٣٤٦)، تەنـانەت دەوترێـت داهـاتی ئیفـریقیە کـۆکراوەتەوەو بەسەر هەژاراندا دابەشکراوە، هێشتا پارەکە ماوەتەوەو کۆیلەی پێکڕدراوەو ئازادکراون(ابـن عَبـد الحَکَم (الاب)، ١٩٨٤: ٦٥)[٢]. هەروەهـا خەلـیفە فەرمـانیکرد هەر کەسـێك ئـافرەتێکی لـواتی لایە لەبـاوکی بیخوازێـت یـان بیگێـڕێتەوە بـۆ خێزانەکەی، واتە ئەو ستەمەی لابرد کە پێشتر لەهۆزی لواتە کرابوو، لەکاتێکدا پەیمان و بەڵێن پێدراوبوون(ابن سلام، ١٩٨٨: ٢٣٩؛ ابـن زنجويـە، ١٩٨٦: ٢/ ٤٣٩؛ الـبلاذري، ١٩٨٨: ٢١٥؛ قدامـة بـن جعفـر، ١٩٨١: ٣٤٢)، بەڵام وەك بیانووهێنـانەوە وتراوە: دواتر کارێکیان کردووە، بۆیە تاڵانکراون!!(ابن سلام، ١٩٨٨: ٢٣٩؛ ابن زنجويه، ١٩٨٦: ٢/ ٤٣٩)[٣].

ئەم دۆخە ئـارامە زۆری نەخایانـدو بەمردنـی خەلـیفە عـومەرو دەسـتبەکاربوونی خەلـیفە (يزيـد بـن عبـدالملك) سـتەمکاری جـێگەی دادپەروەری گـرتەوە، یەزیـد بـۆ کاربەدەسـتەکانی (عمـر بـن عبـدالعزيز)ی نووسـی:"عـومەر لە خۆبایيبوو، ئێوەو هاوەڵەکانتان لەخشتەتانبرد، نوسراوەکانتانم سەبارەت بە کورتهێنـانی بـاج و خەراج بینـی؛ سـاڵێکی بەرهەمدار یان بێبەرهەم بێت، پێیانخۆشبێت یـان نـاخۆش، بـژین یـان بمـرن، بەگەیشـتنی ئەم نووسـراوەم، وازبهێـنن لەوەی لەسەردەمی ئەودا کارتان پێدەکرد و خەڵکی بگێڕنەوە بۆ پێگە و چینی پێشوتری خۆیان"( ابن عبد ربه، ١٤٠٤هـ: ٥/ ١٨٨). هاوکات ئیسماعیلی لاداو (يزيد بن ابي مسلم)ی نوسەرو مەوالی حەجاجی کردە والی، کە لەماوەی خیلافەتی سـولەیمان و عـومەردا بەنـدکرابوو(الجهشـياري، ١٩٣٨: ٥٦؛ ابـن الكردبـوس، ٢٠٠٨: ٢/ ١٠٢٩-١٠٣٠)، ئەویـش بەگەیشـتنی لەساڵی (١٠٢ك/٧٢١ز)دا (عبد الله بن موسى)ی لەماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەرکردو داواشی لێکرد لەپارەی خـۆی پێـدانی پێنج ساڵی جەنگاوەران بدات(ابن عبدالحکم، ١٤١٥هـ: ٢٤٢؛ اليعقوبي، د.س: ٢/ ٣١٣). هەروەها (محمد بن يزيد القرشـي) دەستگیرکردو ئەشکەنجەیداو لەناوبەندیخانەدا کونجی تایبەتی بۆدروستکرد و (جبه)یەکی زبری لەبەرکردو بە مـۆری

---

١- تەنانەت تۆمەتی بوون بە مەسیحی درایەپاڵ (عبدالعزيز)و ئەوە کرایـە بیـانوو بـۆ پەردەپۆشـکردنی کوشـتنەکەی. بڕوانـە:( مؤلـف مجهـول، ١٩٨٩: ٢٨).

٢- ئەم وتەیە زۆر بڵاوەو بەبێ دیاریکردنی ناوچەکەو وتراوە عومەر خەڵکی دەوڵەمەندکرد، واتە لەدەروندا دەوڵەمەندبوونو چاویان لـەخودی خەلیفـەکردووەو خۆگرەوەبـوونو بەکـەم رازیبـوون. بڕوانـە:(الفسـوي، ١٩٨١: ١/ ٥٩٩؛ ابـن عسـاكر، ١٩٩٥: ٤٥/ ١٩٥). بۆچاکسـازییەکانی عومـەرو هەڵوشاندنەوەی باجو خەراجە سەپێندراوە ناشەرعییەکان، بڕوانە:(ابن عَبد الحَکَم (الاب)، ١٩٨٤: ٨٨، ١٤١؛ ابن سلام، ١٩٨٨: ٥٦-٥٨؛ ابـن زنجويـە، ١٩٨٦: ١/ ١٦٩-١٧٠؛ الطبري، ١٣٨٧هـ: ٦/ ٥٦٩).

٣- بڕیارەکەی خەلیفە عومەر تـەنها هـۆزی (لواتـە)ی دەگرتـەوە، ئەمـەش بەڵگەیـە بۆئـەوەی وەرگرتنـی منـاڵ وەك سـەرانە تـەنها لـەوان بـووە. بڕوانە:(محمد الطالبي، ١٩٩٥: ٣٢).

قورقوشم مۆریکرد، چونکە ئەو بەفەرمانی حەجاج ئەشکەنجەی ئەمی دابوو(ابن عبدالحکم، ١٤١٥هـ: ٢٤٢)[1]؛ بەرامبەر بە بەربەریش دەستیکرد بەپیادەکردنی هەمان ئەو سیاسەتەی حەجاج لە رۆژهەڵات پیادەیدەکرد، لەوانە ویستی بەربەر لەناوشارەکاندا بگێڕێتەوە بۆ گوندەکانیان، هەروەها سەرانە بەسەر بەربەرە مسوڵمانەکاندا بسەپێنێت(الطبري، ١٣٨٧هـ: ٦/ ٦١٧؛ الجهشياري، ١٩٣٨: ٥٧؛ التنوخي، ١٩٧٨: ٢/ ١٤٥؛ ابن عساكر، ١٩٩٥: ٥٦/ ٢٧٩؛ ابن الاثير، ١٩٩٧: ٤/ ١٤٦؛ ابن خلدون، ١٩٨٨: ٤/ ٢٤٠)[2]، پاشان لەوتاردا رایگەیاند هاوشێوەی رۆم پاسەوانەکانی مۆردەکات، هەتا لەکەسانی دیکە جودابکرێنەوە، لەسەر دەستی راستیان ناوی خۆیان و لەدەستی چەپیشیان وشەی (پاسەوانی من) دەکوتێت، ئەمەش وایکرد پاسەوانێکی بەناوی (حريز) بیکوژێت(ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ٢٤٢؛ البلاذري، ١٩٨٨: ٢٢٩؛ اليعقوبي، د.س: ٢/ ٣١٣؛ قدامة بن جعفر، ١٩٨١: ٣٤٦؛ رقيق القيرواني، ١٩٩٠: ٦٤؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤٨؛ ابن خلدون، ١٩٨٨: ٦/ ١٤٤).

خەڵکەکە فەقیهـ (خَالِدُ بْنُ أَبِي عِمْرَانَ التُّجِيبِي)ان نارد بۆلای خەلیفە (يَزِيدَ بْنِ عَبْدِ الْمَلِكِ) هەتا هەواڵی کوژرانی (يَزِيدَ بْنِ أَبِي مُسْلِمٍ)ی والی پێبگەیەنێت (ابو العرب، د.س: ٢٤٥-٢٤٦؛ رقيق القيرواني، ١٩٩٠: ٦٥)، کە لەفەرمانبەری ئەو دەرنەچوون، بەڵام یەزید رەفتارێکی لەگەڵدا کردین کە خوداو مسوڵمانان پێی رازینین، والی پێشتر (مُحَمَّد بن يزيد)مان گێڕاوەتەوە بۆسەر کارەکەی، خەلیفەش دانی بەوالی نوێدا ناو خۆیشی لە رەفتارو کردەوەکانی یەزید بێبەریکرد(الطبري، ١٣٨٧هـ: ٦/ ٦١٧؛ الجهشياري، ١٩٣٨: ٥٧؛ التنوخي، ١٩٧٨: ٢/ ١٤٥؛ ابن عساكر، ١٩٩٥: ٥٦/ ٢٧٩-٢٨٠؛ ابن الاثير، ١٩٩٧: ٤/ ١٤٦؛ ابن خلدون، ١٩٨٨: ٤/ ٢٤٠)[3]، بەڵام دواتر لەهەمان ساڵدا، (بشر بن صفوان الكلبي) کردە والی مەغریب (ابن خياط، ١٣٩٧هـ: ٣٢٦، ٣٣٤؛ الفسوي، ١٩٨١: ٣/ ٣٤٥؛ الكندي، ٢٠٠٣: ٥٤) ، یەکەم کاری ئەویش بریتیبوو لە راوەدوونانی خانەوادەی (موسى بن نصير) و دەستگرتن بەسەر موڵك و سامانیانداو (ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ٢٤٤)، ئەشکەنجەدانی (عبد الله بن موسى) هەتا مردنی، چونکە تۆمەتباریکرد بەهاندانی خەڵك لەدژی والی کوژراو(ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ٢٤٣؛ البلاذري، ١٩٨٨: ٢٢٩؛ قدامة بن جعفر، ١٩٨١: ص٣٤٦)، ئەمەش ئەو بۆچوونە رەتدەکاتەوە کە گوایە خەلیفە یەزید لەخراپی سیاسەتی هێزو توندوتیژیی تێگەیشت، بۆیە هەوڵیدا دۆخەکە چاکبکاتەوە، بۆئەمەش کەسایەتییەکی بەتواناو لێهاتووی لەبواری کارگێڕییدا کردە والی مەغریب(عبدالحميد حمودة، ٢٠٠٧: ١٢٩).

دوای مردنی (بشر)، خەلیفە هشام (عُبَيدَة بْن عَبْد الرَّحْمَن السّلمِي) دانا (ابن خياط، ١٣٩٧هـ: ٣٥٩؛ ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ٢٤٤؛ البلاذري، ١٩٨٨: ٢٢٩؛ ابن عساكر، ١٩٩٥: ١٠/ ٢٣٦)، ئەویش هاوەڵ و کاربەدەست و بەرپرسە دانراوەکانی (بشر)ی بەندکردو سزای دارایی بەسەرداسەپاندن و هەندێکیشیانی ئەشکەنجەدا(رقيق القيرواني، ١٩٩٠: ٦٩؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٥٠)، هاوکات دەمارگیریی هۆزایەتی پەیڕەوکردو کەلبییەکانی لەپۆستەکان لادا، هەتا گەیشتە ئەوەی کە سەرکردە (أبُو الخطار الحسام بْن ضرار الكلبي) بەهۆنراوەیەکدا سکاڵا بگەیەنێتە لای خەلیفە(البلاذري: ١٩٩٦: ٦/ ٢٧٧؛ ابن الأبار، ١٩٨٥: ١/ ٦٤؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٥٠؛ النويري، ١٤٢٣هـ: ٢٤/ ٥٧)[4]؛ بۆیە خەلیفە لایداو (عبيد الله بن

---

١- تەنانەت بەناپاکیکردن لە (بيت المال) تاوانباریکرد، بڕوانە:(التنوخي، ١٩٧٨: ٢/ ١٤٤).

٢- (حسين مؤنس) دانانی یەزید بەهەڵە دەگێڕێتەوە بۆ سولەیمان. بڕوانە:(حسين مؤنس، ٢٠٠٠: ٧٠).

٣- دەوترێت (مُحَمَّد بْن أوْس الْأَنْصَارِيّ ١٠٢ك/٧٢١ز) سەرکردەی سوپایان داناوەتەوە. بڕوانە:(ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ٢٤٣؛ رقيق القيرواني، ١٩٩٠: ٦٥؛ ابن الأبار، ١٩٩٥: ١/ ٢٨٣؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٣١٧).

٤- أقادت بنو مَرْوَان قيسًا دماءنا ... وَفِي اللّه إن لَمْ تعدلوا حكم عدل

كأنكم لَمْ تشهدوا مرج راهط ... وَلَمْ تعلموا من كَانَ ثُمَّ لَهُ الفضل

وقيناكم ورد القنا بنحورنا ... وليس لكم خيل سوانا ولا رجل

الحبحاب)ی کرده والی، که وێڵی بەدەستهێنانی زۆرترین بڕی باج و خەراج بوو، کاتێك بەرپرسی خەراجی میسر بوو، بۆخەلیفە هشامی نووسی: زەوی میسر توانای سەپاندنی باجی زیاتری هەیەو بۆهەر دینارێك سەرانە، قیراتێکی زیادکرد، بەمەش لەچەندین شاروناوچە یاخیبوون سەریهەڵدا(الكندي، ٢٠٠٣: ٥٦؛ المقريزي، ١٤١٨هـ: ١/ ١٥٠، ٤/ ٣١، ٤٠٨)[1].
کاتێکیش بوو بەوالی ئیفریقیە، ئەنجامدانی شاڵاوی سەربازیی کردە ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی مادی و مرۆیی، لەساڵی دەستبەکاربوونیدا سوپایەکی بەسەرکردایەتی (حَبِيبَ بْنَ أَبِي عُبَيْدَةَ بْنِ عُقْبَةَ بْنِ نَافِعٍ)ی نارد بۆسەر سوس و خاکی سودان و بە کەنیزەك و زێڕی زۆرەوە گەڕایەوە، تەنانەت باسی بێوێنەیی کەنیزەکەکان دەکرێت کە رەگەزەکانیان لەلایەن بەربەرەوە بە (إجّان يان تراجان) ناوبراوە(ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ٢٤٥-٢٤٦؛ البلاذري، ١٩٨٨: ٢٢٩؛ ابن الاثير، ١٩٩٧: ٤/ ٢٢٤؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٥١). هەروەها لەساڵی (١١٧ك/٧٣٥ز)دا ناردی بۆپەلاماری دوورگەی (سردانيه)و بەدەسکەوتێکی زۆرەوە گەڕایەوە، لەساڵی (١٢٢ك/٧٤٠ز)شدا ناردی بۆپەلاماری دوورگەی (صقليه) (ابن الاثير، ١٩٩٧: ٤/ ٢٢٤).

(اسماعيل بن عبيد الله)ی بەرپرسی سوس و (عُمَرَ بْنَ عَبْدِ اللّهِ الْمُرَادِي) کاربەدەستی تەنجە، رەفتاریان خراپبوو بەرامبەر بە بەربەرو کەوتنە ستەمکردن لێیان، هەتا گەیشتە ئەوەی بەربەری بە دەسکەوتی جەنگ داناو ویستی پێنجیەکیان لێبگرێت، ئەمەش وایکرد بەربەر لەژێر چەتری ئایینزای خەواریجدا شۆڕش بەرپابکەن(رقيق القيرواني، ١٩٩٠: ٧٣؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٥١-٥٢؛ النويري، ١٤٢٣هـ: ٢٤/ ٥٩؛ الذهبي، ١٩٩٣: ٨/ ٨؛ ابن خلدون، ١٩٨٨: ٦/ ١٥٦)[2]، بۆیە دەوترێت سیاسەتی دارایی (ابن الحبحاب)و ئامرازە توندوتیژو سەرکوتکارەکانی، ئەو دیاردانەشی لەناوبرد کە بۆ پێکەوەژیان مابوون، ڕاپەڕین لەدژی دەوڵەتی ئومەوی زۆربەی ناوچەکانی مەغریبی گرتەوە، لەساڵی (١٢٣ك/٧٤١ز)دا خەلیفە هشام (كُلْثومَ بْنَ عِيَاض الْقُشَيرِي)ی بەسوپایەکی گەورەوە نارد بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی بەربەرو فەرمانی کوشتنی بەربەری پێدا (ابن القوطية، ١٩٨٩: ٣٩)، بەڵام بەهۆی لوتبەرزی و دەمارگیری (بَلْجُ بْنُ بِشْرٍ القشيري) سەرکردەی پێشەنگی سوپاکە، کە بە خەڵکی ئیفریقیە (مەبەست عەرەبە نیشتەجێبووەکانن لە مەغریبی نزیکدا) دەرگای ماڵەکانتان دامەخەن، هەتا جەنگاوەرانی شام ماڵەکانتان بزانن، هەروەها چەندین قسەی دیکەی پێوتن، ئەوانیش توڕەبوون، (كلثوم) بەداوای لێبوردن کردن ڕێگریکرد لە پێکدادانی جەنگاوەرە شامی و ئیفریقییەکان، بەڵام دواتر خۆیشی سوکایەتی بە حەبیب کردو (بلج)یش جوێنی پێدا، ئەمەش وایکرد لە (عبد الرحمن بن حبيب) بانگەشەی شەڕی سوپای هاتوو بکات، کە جەنگاوەرەکانی میسریش لایەنگرییان کردن، هەرچەندە دۆخەکە ئارامکرایەوە، بەڵام دواجار ناکۆکی نێوان جەنگاوەرانی شام لەگەڵ جەنگاوەرانی ئیفریقیەو میسردا، هۆکاربوو بۆ شکستهێنانیان بەرامبەر بە خەواریج و کوژرانی سەرکردەی هەڵمەتەکە(ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ٢٤٢، ٢٤٧-٢٤٨؛ رقيق القيرواني، ١٩٩٠: ٧٦-٧٧؛ ابن الاثير، ١٩٩٧: ٤/ ٢٢٥-٢٢٦؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٥٤-٥٥).

دوای کوژرانی (كلثوم)، هشام سوێندیخوارد ئەگەر بمێنێت (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار جەنگاوەری فەرمی دەنێرێت، بەدوایدا (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزاری دیکە دەنێرێت، لەناردنی جەنگاوەر بەردەوام دەبێت هەتا کەس نامێنێتەوە، جگە لەخۆی و کوڕەکانی(مؤلف مجهول، ١٩٨٩: ٤٠-٤١)، هاوکات بۆ ڕاستکردنەوەی باری دەمارگیریی لەنێوان عەرەبەکانی ئیفریقیەدا، (حَنْظَلَة بْن صَفْوَان الْكَلْبِي ١٣٠ك/٧٤٨ز) یەمەنی بەسوپایەکی گەورەوە کردە والی (ابن خياط، ١٣٩٧هـ: ٣٥٦؛

١- (عبيدالله) خۆی وتوویەتی یەکەمجار نوسەرێکی سەرەتایی سادە بووم، دواتر بوومە نوسەری تەواو، پاشان بوومە ئەمیر، ئەمرۆش ئەمیرێکی گەورەم سوپاس بۆخودا. بڕوانە:(ابن الأبار، ١٩٨٥: ٢/ ٣٣٨). بۆ باجو خەراجە زیادەکان، بڕوانە:(نهى محمد مكاحلة، ١٩٩٩: ٩٩-١٢٤).
٢- (ابن الاثير) کارەکە دەداتە پاڵ ئیسماعیلی کوڕیو عومەر بەهاوکاری دادەنێت. بڕوانە:(ابن الاثير، ١٩٩٧: ٤/ ٢٢٥).

ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ٢٤٩؛ ابن يونس، ١٤٢١هـ: ١/ ١٣٢؛ ابن القوطية، ١٩٨٩: ٤٢-٤٣؛ مؤلف مجهول، ١٩٨٩: ٤١)[١]؛ بەڵام بەپێچەوانەوە، باشبوونی حەنزەڵە وایکرد (عَبْد الرَّحْمَن بْن حبيب بْن أَبِي عُبَيْدَة بن عقبَة بن نَافِع الفِهري ١٣٧ك/٧٥٥ز) لەساڵی (١٢٧ك/٧٤٥ز)دا[٢]، دوای کوژرانی خەلیفە (الْوَلِيد بن يزِيد بن عبد الْملك ١٢٦ك/٧٤٤ز) لە تونس هێز کۆبکاتەوە بۆ دەستگرتن بەسەر ئیفریقیەدا(ابن الأبار، ١٩٨٥: ٢/ ٣٤١)، والیش بۆخۆڵادان لەشەڕ، شاندێکی پەنجا کەسی لەکەسایەتییەکانی قەیرەوان ناردو داوای لێکرد واز لەئاژاوە بهێنێت، لەنزیك تونس هەواڵ بەشاندەکە گەیشت کە (مروان بن محمد) دەستیبەسەر خیلافەتدا گرتووە، بۆیە ویستیان بگەڕێنەوە، بەڵام عەبدولڕەحمان توانی دەستگیریان بکات و رایگەیاند هەرکەسێك بەرامبەری بوەستێتەوە، ئەوا دەیانکوژێت، هەواڵیشی بۆ حَنْظَلَه) نارد لەماوەی سێ رۆژدا قەیرەوان چۆڵبکات، ئەویش بۆ رێگرتن لەخوێنڕشتن، گەڕایەوە بۆشام(ابن عبدالحكم، ١٤١٥هـ: ٢٥١-٢٥٢؛ رقيق القيرواني، ١٩٩٠: ٨٦-٨٧؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٦٠؛ النويري، ١٤٢٣هـ: ٢٤/ ٦٤-٦٥)، ئەمەش بەیەکەم هەوڵی سەربەخۆبوونی مەغریب لە خیلافەت دادەنرێت (ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٦٨؛ محمد الطالبي، ١٩٩٥: ٤٢-٤٣)[٣]، خۆسەپاندنی عەبدولڕەحمان بەسەر پۆستی والی مەغریبدا، هاندەربوو بۆ سەرکردەی چەندین شارو ناوچە هەتا هەوڵی سەربەخۆبوونی خۆیان بدەن و یاخیبوون و راپەڕین لە دژی دەسەڵاتەکەی بکەن، (عروة بن الوليد الصَدفي) هەڵگەڕایەوەو دەستیگرت بەسەر تونسدا، هەروەها (ابْنُ عَطافِ عِمْرَانُ بْنُ عَطافِ الْأَزْدِي) دەستیگرت بەسەر (طيفَاس)دا، هاوکات بەربەر دەرفەتەکەیان قۆستەوەو لەچیاکاندا راپەڕین، خەواریجیش لە (طرابلس)، هەروەها (ثابِتُ الصِّنْهَاجِي) دەستیگرت بەسەر شاری (باجه)دا، بەڵام عەبدولڕەحمان بەهۆی لێهاتوویی پلانەکانیەوە توانی بەهاوکاری ئیلیاسی برای، لەساڵی (١٣٠ك/٧٤٨ز)دا بەسەر هەموو یاخیبوونەکاندا سەربکەوێت(رقيق القيرواني، ١٩٩٠: ٨٨؛ ابن الاثير، ١٩٩٧: ٤/ ٣٢٣-٣٢٤؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٦٠-٦١؛ النويري، ١٤٢٣هـ: ٢٤/ ٦٥-٦٦؛ ابن خلدون، ١٩٨٨: ٤/ ٢٤٣)، دواتر عەبدولڕەحمان بەیعەتیدا بە (مروان بن محمد) (البلاذري، ١٩٨٨: ٢٢٩؛ قدامة بن جعفر، ١٩٨١: ٣٤٧؛ رقيق القيرواني، ١٩٩٠: ٨٦-٨٧؛ ابن عساكر، ١٩٩٥: ١٥/ ٣٣٢؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٦٠).

**تاوتوێکردنی تێڕوانینەکان بۆ بەرپرسیارێتی خەلیفەکان**

پاکانەی جۆراوجۆر بۆ خەلیفەکان دەکرێت، وەك ئەوەی والییەکانی مەغریب خۆیان زێدەڕۆییان لە بەکارهێنانی هێزو بەکۆیلەکردنی بەربەردا کردووەو خەلیفەکان ئاگادارنەبوون، گوایە موسا خۆی لەبەکەنیزەککردن و بەدیلگرتنی بەربەردا زێدەڕۆییکرد (التقي العلوي، ١٩٧٢: ١٨٥، ١٨٦)، ئەگەرنا (سليمان بن عبدالملك)و (عمر بن عبدالعزيز) رەخنەیان لەموسا گرتووە سەبارەت بە زێدەڕۆییکردنی لەبەکۆیلەکردنی بەربەرو نادادپەروەربوونی بەرامبەریان (محمد علي دبوز، ٢٠١٠: ٢/ ١٦٩-١٧٠)، گومانی تێدانییە کە خەلیفەکانی ئومەوی بەکارەکانی (يزيد بن ابي مسلم و بشر بن صفوان) رازینەبوون و هیچ شتێکیان دەربارەی ئەو رێگایانە نەزانیوە کە گرتوویانەتەبەر بۆچەوساندنەوەی بەربەر، بەڵگەش

---

١- گوایە (حنظلة) لەماوەی ویلایەتی دووەمیدا لە میسر، خەراجی زیادکردووە. بڕوانە:(المقريزي، ١٤١٨هـ: ٤/ ٤٠٩).

٢- عەبدولڕەحمان لەدوای کوژرانی باوکی لەگەڵ (کلثوم)دا، پەڕییەوە بۆ ئەندەلوس، بەڵام بەهۆی هەوڵدان بۆ دەسەڵات لە ئەندەلوس ژیانی کەوتە مەترسییەوەو گەڕایەوە بۆ ئیفریقیە. بڕوانە:(الحُميدي، ١٩٦٦: ٢٧١-٢٧٢؛ الضبي، ١٩٦٧: ٣٦٢؛ ابن الاثير، ١٩٩٧: ٤/ ٢٢٦؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٦٠؛ النويري، ١٤٢٣هـ: ٢٤/ ٥٦).

٣- هەروەها (أبو بكر بن عبد الله بن عبد الرحمن بن أبي بكر) لەسەردەمی کۆتایی دەوڵەتی ئومەویدا لە سوس راپەڕی. بڕوانە:(ابن حزم، ١٩٨٣: ١٣٧).

ئەوەیە خەلیفە یەزید بەکوشتنی یەزیدی والی تورەنەبوو، بەڵکو لەتاوانباران خۆشبوو، والێتی ئەو کەسەشی کە خەڵکەکە دایاننا، پەسەندکرد (حسین مؤنس، ٢٠٠٨: ١٣٢؛ حسین مؤنس، ١٩٤٨: ٩-١٠؛ نهی محمد مکاحلة، ١٩٩٩: ١٣٣).

سەرچاوە مێژووییەکان زۆربەی کارە ناوازەکانی باکوری ئەفریقیا دەگێڕنەوە بۆ خودی خەلیفەکان، بۆ نموونە (عبد الملك بن مروان) فەرمانی بە (غسان بن النعمان) کرد کە خانەیەکی دروستکردنی کەشتی دروستبکات، بەڵام هەر ئەویش راکێشان و هێنانی تەختەوداری خستە ئەستۆی بەربەر(رقیق القیرواني، ١٩٩٠: ٣٦؛ البکري، ١٩٩٢: ٢/ ٦٩٥؛ الحمیري، ١٩٨٠: ٢٦٦)، واتە ئەگەر کارەباشەکانی والییەکان بۆ خودی خەلیفەکان بگەڕێتەوە، ئەوا بێگومان ستەم و چەوساندنەوەکانیشیان هەر بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، ئەگەرنا بۆچی لەماوەی خەلیفایەتی (عمر بن عبدالعزیز)دا والییەکان نەك ستەمکارنەبوون، بەڵکو ستەمەکانی پێشوتریشیان لەسەر خەڵك لاداو نەهێشت. پێشتریش خەلیفە سولەیمان داوای لە (عبدالله بن موسی) کرد خەراج و سەرانەی ئەفریقیای لەگەڵ دە کەسی باوەڕپێکراو بۆ بنێرێت، هەتا گەواهی بدەن بەشەرعی وەرگیراوە، ئەوانیش جگە لە (عبدالله بن َالْمُغِيرَةَ الْقُرَشِي)، کە هیچی نەوتووە، گەواهییان داوە، بۆیە دواتر خەلیفە عومەر لەساڵی (٩٩ك/٧١٨ز)دا کردی بەقازی ئیفریقیە (المالکي، ١٩٩٤: ١/ ١٢٦-١٢٧؛ الدباغ، ١٩٦٨: ١/ ٢١٠)، دەشوترێت (اسماعیل بن عبیدالله)و (السمح بن مالك الخولاني) سوێندیان نەخوارد، بۆیە کە عومەر بووبە خەلیفە، یەکەمیانی کردە والی مەغریب و دووەمیشیان بە والی ئەندەلوس[1].

بەپێچەوانەوە، دواتر یەزیدی دووەم بڕیارەکانی عومەری بەگاڵتەجاڕی و لەخۆبایبوون ناساندو فەرمانیشی بە والییەکان کرد دۆخەکە بگێڕنەوە بۆ پێشوتر، بەمەش والییەکان دەستیانکردەوە بە ستەم. هەروەها (بەدەر لە ویلایەتی موسا) زۆربەی نەهامەتییەکانی بەربەر، لەسەردەمی خەلیفە (هشام بن عبدالملك)دا روویدا، کە لەمێژوودا بە رژدیی و خولیابوونی بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان ناوزەندکراوە (الجاحظ، د.س: ٤٣٢؛ المقریزي، ١٤١٩هـ: ٢٣)[2]. هەرچەندە دەوترێت کۆکردنەوەی پارەکەی زیاتر بۆ بەهێزبوونی دەوڵەت بووە، نەك بۆخۆی ((الطبري، ١٣٨٧هـ: ٧/ ٢٠١؛ ابن مسکویە، ٢٠٠٠: ٣/ ١٥٨-١٥٩؛ ابن عساکر، ١٩٩٥: ٤٠/ ٤٨١-٤٨٢؛ ابن الاثیر، ١٩٩٧: ٤/ ٢٨٢-٢٨٣؛ المقریزي، ١٤١٩هـ: ٢٣)، بەڵام پارەکە بۆهەر مەبەستێك بوویێت دواجار والی و باجگرەکان لەچوارچێوەی سیاسەتی خەلیفەکاندا جوڵاونەتەوەو بەزەبرو زەنگ و ئەشکەنجە ئەو برە پارەیەی سەپێندراوە لەخەڵکەکەیان زەوتکردووە[3]؛ بۆیە کاتێك (یزید بن الولید بن عبدالملك) لەساڵی (١٢٦ك/٧٤٤ز)دا دەستی بەسەر خیلافەتدا گرت، رایگەیاند کە لەمەودوا داهاتی هەرێمەکان هەتا هەرێمەکە خۆی پێویستی پێبێت، نایگوازێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە، کە پێویستییەکانی هەرێمەکە دەستەبەرکرا، ماوەکەی لەپێویستییەکانی نزیکترین هەرێمی دیکەدا بەکاردەبرێت(ابن خیاط، ١٣٩٧هـ: ٣٦٥؛ البلاذري، ١٩٩٦: ٩/ ١٩١-١٩٢؛ الطبري، ١٣٨٧هـ: ٧/ ٢٦٨-٢٦٩؛ ابن عبد ربه، ١٤٠٤هـ: ٤/ ١٨٤، ٥/ ٢٠٧؛ ابن مسکویە، ٢٠٠٠: ٣/ ١٩٩-٢٠٠؛ ابن عساکر، ١٩٩٥:

---

١- گوایە نەریت وابوو کە خەراجو سەرانەی هەرێمەکان شاندێکی دەکەسی لەکەسانی ناوداری هەرێمەکەی لەگەڵدابێت، هەتا سوێندبخۆن داهاتەکە بە شەرعی وەرگیراوەو مووچەی جەنگاوەرەکان دراوە، ئەوسا دەخرایە بەیتولمالەوە. بڕوانە:(مؤلف مجهول، ١٩٨٩: ٢٩-٣٠).

٢- خولیای خەلیفەکان بەتایبەتی (هشامو یەزیدی دووەم) بۆ کۆکردنەوەی سەروەتو سامان بڕوانە:(یولیوس فلهازن، ٢٠٠٩: ٣٣٦-٣٣٧).

٣- بۆ شێوازی کۆکردنەوەی باجو خەراج بڕوانە:(نهی محمد مکاحلة، ١٩٩٩: ١٢٦-١٥٦). لەوانەیە بوترێت لەسەردەمی (عمر بن الخطاب) یشدا سکاڵاکراوە لە زۆربوونی سەروەتو سامانی والیو کاربەدەستەکان، بۆیە لەکاتی لادانیاندا دەستبەسەر نیوەی سامانەکەیاندا گیراوە. بڕوانە:(ابن زنجویە، ١٩٨٦: ٢/ ٦٠٣؛ ابن عبدالحکم، ١٤١٥هـ: ١٧٣-١٧٤؛ البلاذري، ١٩٨٨: ٣٧٣-٣٧٤)، بەڵام والییەکانی ئومەوی لەمەغریب لەژێر لێپرسینەوەی داراییدا نەبوون.

٧٤/ ١٢٣)[١]؛ ئەمانەش بەڵگەن کە خودی خەلیفەکان بەرپرسبوون لە سیاسەتی کارگێڕی و سەربازی و دارایی هەرێمەکان و والییەکان بەگوێرەی ئاڕاستەکردنی ئەوان جوڵاونەتەوە، بۆیە دەوترێت خەلیفەکان هۆکاربوون بۆ خراپی والییەکان (یولیوس فلهازن، ٢٠٠٩: ٣٣١).

دۆخەکە بۆبەربەر دژوارتربوو، چونکە بەشێوەیەکی گشتی خەلیفەو والییەکان لەسەر سیاسەتێکی دیاریکراو نەدەڕۆیشتن، واتە دەستوالابوون، بۆنموونە (عمر بن عبدالعزیز) کاتێك (إسماعیل بن عبید الله)ی دانا دەسەڵاتی (جەنگ و خەراج و زەکات)ی ئیفیرقیەی پێسپارد(ابن عبدالحکم، ١٤١٥هـ: ٢٤١)، جگەلەوە زۆریی دەسکەوتەکان، هۆکاربوو بۆ زوو گۆڕین و لادانی والییەکانی مەغریب، چونکە پیلان بۆلادانی والییەکان دادەڕێژراو لەکۆشکی خەلیفە بۆیان تێدەچێندرا، یاخود سەرکردە سەربازییەکان هەوڵیاندەدا بەسەر ناوچەیەکی خاکی بەربەردا زاڵبن(عبد الکریم غلاب، ٢٠٠٥: ١٤٣-١٤٤)، بۆیە والییەکانیش هەوڵیاندەدا لەڕێگەی دانانی کوڕو خزم و کەسە نزیکەکانی خۆیانەوە، دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەموو کایەکانی ژیاندا بسەپێنن و زۆربەی دەسەڵاتەکان لەدەستی خۆیاندا کۆبکەنەوە، بۆنموونە موسا کاریکرد هەتا دەسەڵاتی هەموو مەغریب لەدەست خۆی و خانەوادەکەیدا کۆبکاتەوە، بۆیە یەکەم کاری دوای وتارەکەی بریتیبوو لەلادانی (ابو صالح)ی جێنشینەکەی حەسان (ابن عبدالحکم، ١٤١٥هـ: ٢٣١؛ ابن الاثیر، ١٩٩٧: ٤/ ٢٠، ٢١؛ النویري، ١٤٢٣هـ: ٢٤/ ٣٩)[٢]، کە لەساڵی (٩٣ك/٧١٢ز)دا چوو بۆ ئەندەلوس عەبدوڵای کوڕی کرد بە جێنشینی خۆی لەسەر مەغریبی نزیك، کە هەتا ساڵی (٩٧ك/٧١٥ز) مایەوەو دواتر خەلیفە لایدا، هەروەها (عبدالملك)یشی لەسەر تەنجە دانا(ابن خیاط، ١٣٩٧هـ: ٣١٨؛ ابن عبدالحکم، ١٤١٥هـ: ٢٣٢، ٢٣٨؛ ابن یونس، ١٤٢١هـ: ٢/ ١٤٢؛ ابن الفرضي، ١٩٨٨: ٢/ ١٤٥؛ رقیق القیرواني، ١٩٩٠: ٥٥؛ ابن عساکر، ١٩٩٥: ٢٤/ ٤١٨؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤٣، ٤٤)، دواتریش کە لەساڵی (٩٥ك/٧١٤ز)دا لەسەر بانگهێشتی خەلیفە گەڕایەوە بۆشام، (عبد العزیز)ی کوڕی وەك جێنشینی خۆی لە ئەندەلوس بەجێهێشت (ابن عبدالحکم، ١٤١٥هـ: ٢٣٨؛ رقیق القیرواني، ١٩٩٠: ٥٤؛ الحَمِیدي، ١٩٦٦: ٤؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٤٤)، بەمجۆرە هەموو ئەندەلوس و مەغریب بەدەست کوڕەکانی موساوە بوو (المقري، ١٩٠٠: ١/ ٢٧٩). هەروەها (عبید الله بن الحبحاب) ئیسماعیلی کوڕی کردە بەرپرسی سوس، قاسمیشی لەسەر میسر دانا(ابن عبدالحکم، ١٤١٥هـ: ٢٤٥؛ رقیق القیرواني، ١٩٩٠: ٧٢؛ ابن عذاري، ١٩٨٣: ١/ ٥١)؛ تەنانەت لەجیاتی سەرزەنشت، ستایشی (عبید الله بن الحبحاب) دەکرێت کەلەیەك کاتدا خۆی نامەی نووسیوەو ناوی لە تۆماری پێدانەکاندا سڕیوەتەوەو فەرمانی بەدابینکردنی پێویستییەکان کردووەو دادوەری لەنێوان دوو کەسی ناکۆکدا کردووە(ابن الأبار، ١٩٨٥: ٢/ ٣٣٧).

**ئەنجام**

لەتوێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

١- جگە لەماوەی دەسەڵاتی خەلیفە (عمر بن عبدالعزیز)، ڕەوشی مرۆیی و ئابوری نەتەوەی بەربەر لەژێر دەسەڵاتی والییەکانی ئومەویدا زۆر جیاوازترنەبوو لەڕەوشیان لەسەردەمی فتوحاتدا، بەڵکو هەندێك لە والییەکان لەکاری تاڵانکردن و بەکۆیلەکردنی بەربەر هەر بەردەوامبوون، ئەمەش وایکردووە لە هەندێك توێژەری هاوچەرخ

١- ئەمەش وەك ئەوە وایە کە ڕەخنە لە ئومەوییەکانی پێشخۆی بگرێت، کە سەروەتو سامانیان لە هەموو هەرێمەکانەوە بۆ بەرژەوەندی خەڵکی شامو لایەنگرەکانیان لە عێراق دەهێنایەوە.

٢- دەوترێت (سفیان بن مالك الفهري)و (أبا صالح الفهري) دەستگیرکردو یەکی بە (١٠،٠٠٠) دە هەزار دینار سزای دارایی بەسەرداسەپاندنو بەکۆتوبەندکراوی ناردنی بۆ دیمەشق. بڕوانە: (ابن قتیبة الدینوري، ١٤١٣هـ: ٢/ ٧٢).

ماوەی والێتی (موسی بن نصیر) هەر بەبەشێك لەسەردەمی فتوحات دابنێن، چونکە لەگەڵ سەردەمی پێشتردا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە.

٢- دوورەدەستی زێدی بەربەر لە پایتەختی دەوڵەتی ئومەوی، هۆکارێکبوو بۆئەوەی والییەکان دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆیان هەبێت، بۆ دەستەبەرکردنی مانەوەشیان و رازیکردنی خەلیفەکان لەخۆیان، پەنایان بردۆتە بەر ناردنی دیاری زۆرو دەگمەن و گرانبەهاو ناوازە. هەموو ئەمانەش لەئاکامی شاڵاوی سەربازییەوە بۆسەر هۆزەکانی بەربەر دەستەبەر دەکران. ئەمەش وایکرد دژواری رەوشی بەربەر بەردەوامبێت و کاربکەن بۆ رزگاربوونیان لەدەسەڵاتی دەوڵەتی ئومەوی، کە توانیان ناوچەکانی مەغریبی و دوورو ناوەڕاست بخەنە ژێردەسەڵاتی خۆیان. لەلایەکی دیکەشەوە نیمچەسەربەخۆیی دەسەڵاتی والییەکان و زۆری داهاتی ناوچەکە ململانێی لەنێوان عەربە نیشتەجێبووەکان و عەربە جەنگاوەرە نوێکاندا هێنایەئارا، هەتا لەساڵی (١٢٧ك/٧٤٥ز)دا (عَبْد الرَّحْمَن بْن حبيب بْن أَبِي عُبَيْدَة بن عقبَة بن نَافِع الفِهري) دوا والی دانراوی ئومەوی دەرکردو بۆخۆلادان لەشاڵاوی ئەومەوییەکانیش لەڕووکەشدا خۆی وەك والی دەوڵەتی ئومەوی راگەیاند.

٣- تێڕوانینی والی و کاربەدەست و جەنگاوەرە عەرەبەکان بۆ بەربەر، تێڕوانینی خاوەنداریّتی بوو، واتە تێڕوانینی خاوەن بۆ کۆیلەکەی، ئەمەش بەزەقی لەژمارەی بەکۆیلەکراوەکانی سەردەمی (موسی بن نصیر)و مامەڵەی (یزید بن ابی مسلم) تەنانەت لەگەڵ پاسەوانە بەربەرەکانیداو شاڵاوە سەربازییەکانی والی (عبید الله بن الحبحاب) رەنگیداوەتەوە.

٤- ئەگەرچی بەشێك لەتوێژەرانی هاوچەرخ، پاکانە بۆ خەلیفەکانی ئومەویی دەکەن لەو هەموو زوڵم و ستەمەی والییەکان دەرهەق بە نەتەوەی بەربەر ئەنجامیاندا، بەڵام بەپێچەوانەوە سیاسەتی خراپی خەلیفەکانی ئومەوی و چاپۆشیکردن و پەسەندکردنی سیاسەتی والییەکانیان بەرامبەر بەبەربەر، هۆکاری راستەوخۆبوو بۆ لەدەستدانی زۆربەی ناوچەکانی باکوری ئەفریقیاو راپەڕینی گشتگیریی هۆزەکانی بەربەر لەژێر چەتری ئایینزای خەواریجدا.

لیستی والییەکانی ئومەوی

| ژ | والی | لە | بۆ |
|---|---|---|---|
| ١ | مُوسَى بْنُ نُصَيرِ اللَّخْمِي | ٨٦ك/٧٠٥ | ٩٦ك/٧١٥ز |
| ٢ | عبدالله بن موسى بن نصير | ٩٣ك٧١٢ز | ٩٧ك/٧١٦ز |
| ٣ | محمد بن يزيد القرشيّ | ٩٧ك/٧١٦ز | ١٠٠ك/٧١٩ز |
| ٤ | إسمَاعِيل بن عبيد الله بن أبى المُهَاجر | ١٠٠ك/٧١٩ز | ١٠١ك/٧٢٠ز |
| ٥ | يَزِيدَ بْنِ أَبِى مُسْلِم | ١٠٢ك/٧٢٠ز | ١٠٢ك/٧٢١ز |
| ٦ | محمد بن يزيد القرشيّ | ١٠٢ك/٧٢١ز | ١٠٢ك/٧٢١ز |
| ٧ | بشر بْن صَفْوان الكلبى | ١٠٣ك/٧٢٢ز | ١٠٩ك/٧٢٨ز |
| ٨ | عُبَيده بْن عَبْد الرَّحْمَنِ القيسى/ السُلِمِى | ١١٠ك/٧٢٩ز | ١١٥ك/٧٣٣ |
| ٩ | عُبَيدُ اللّهِ بْنُ الْحَبْحَابِ | ١١٦ك/٧٣٤ز | ١٢٣ك/٧٤١ز |
| ١٠ | كَلْثومَ بْنَ عِيَاچ الْقُشَيرِيّ | ١٢٣ك/٧٤١ز | ١٢٣ك/٧٤١ز |
| ١١ | حَنْظَلَه بْن صَفْوَان الْكَلْبِى | ١٢٤ك/٧٤٢ز | ١٢٧ك/٧٤٥ز |
| ١٢ | عَبْدالرَّحْمَن بْن حبيب بْن أَبِى عُبَيْدَه | ١٢٧ك/٧٤٥ز | ١٣٧ك/٧٥٥ز |

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوەکان:-**


ابن الأبار، محمد بن عبد الله بن أبي بكر القضاعي البلنسي (٦٥٨هـ/١٢٦٠):

١. الحلة السيراء، تحقيق: د. حسين مؤنس، الطبعة الثانية، دار المعارف، (القاهرة، ١٩٨٥م).

٢. التكملة لكتاب الصلة، تحقيق: عبد السلام الهراس، دار الفكر للطباعة، (لبنان، ١٩٩٥).

ابن الأثير، عزالدين أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم الشيباني (٦٣٠هـ/١٢٣٢م):

٣. الكامل في التأريخ، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، الطبعة الاولى، دار الكتاب العربي، (بيروت، ١٩٩٧م).

البكري، أبو عبيد عبد الله بن عبد العزيز الأندلسي (٤٨٧هـ/ ١٠٩٤م):

٤. المسالك والممالك، دار الغرب الاسلامي، (بيروت، ١٩٩٢).

البَلاذري، أحمد بن يحيى بن جابر بن داود (ت ٢٧٩هـ/٨٩٥م):

٥. جمل من أنساب الأشراف، تحقيق: سهيل زكار ورياض الزركلي، الطبعة الأولى، دار الفكر، (بيروت، ١٩٩٦م).

٦. فتوح البلدان، دار ومكتبة الهلال، (بيروت، ١٩٨٨م).

التنوخي، القاضي أبو علي المحسن بن علي بن محمد بن أبي الفهم داود البصري (٣٨٤هـ/٩٩٤م):

٧. الفرج بعد الشدة، تحقيق: عبود الشالجي، دار صادر، (بيروت، ١٩٧٨م).

الجاحظ، أبو عثمان عمرو بن بحر بن محبوب البصري (٢٥٥هـ/٨٦٩م):

٨. الرسائل السياسية، دار ومكتبة الهلال، (بيروت، د.س).

الجَهشَيَاري، محمد بن عَبْدوس بن عبد الله الكوفي (٣٣١هـ/٩٤٣م):

٩. كتاب الوزراء والكتاب، تحقيق: مصطفى السقا وإبراهيم الأبياري وعبدالحفيظ شلبي، الطبعة الاولى، (مصر، ١٩٣٨م).

ابن حزم الأندلسي، أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد القرطبي الظاهري (٤٥٦هـ/١٠٦٤م):

١٠. جمهرة أنساب العرب، تحقيق: لجنة من العلماء، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٩٨٣).

الحموي، شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي (٦٢٦هـ/١٢٢٩م):

١١. معجم البلدان، الطبعة الثانية، دار صادر، (بيروت، ١٩٩٥).

ابن خلدون، أبو زيد عبد الرحمن بن محمد بن محمد الحجرمي (٨٠٨هـ/١٤٠٦م):

١٢. ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، تحقيق: خليل شحادة، الطبعة الثانية، دار الفكر، (بيروت، ١٩٨٨م).

ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن إبراهيم (٦٨١هـ/١٢٨٢م):

١٣. وفيات الأعيان وانباء أبناء الزمان، تحقيق: احسان عباس، الطبعة الاولى، دار صادر، (بيروت، ١٩٩٤).

ابن خياط، أبو عمرو خليفة الشيباني العصفري (٢٤٠هـ/ ٨٥٤م):

١٤. تأريخ خليفة بن خياط، تحقيق: د. أكرم ضياء العمري، الطبعة الثانية، دار القلم ومؤسسة الرسالة، (دمشق وبيروت، ١٣٩٧هـ).

الدباغ، ابو زيد عبدالرحمن بن محمد الانصاري (٦٩٦هـ/١٢٩٧م):

١٥. معالم الايمان في معرفة اهل القيروان، اكمله وعلق عليه: ابو القاسم بن عيسى بن ناجي التنوخي (٨٣٩هـ/١٤٣٥م)، تصحيح وتعليق: ابراهيم شبوح، الطبعة الثانية، مكتبة الخانجي، (مصر، ١٩٦٨).

الذهبي، أبو عبدالله شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز (٧٤٨هـ/١٣٤٨م):

١٦. تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، تحقيق: د. عمر عبد السلام تدمرى، الطبعة الثانية، دار الكتاب العربي، (بيروت، ١٩٩٣م).

رقيق القيرواني، أبو إسحاق إبراهيم بن القاسم (٤١٧هـ/١٠٢٦م):

١٧. تاريخ افريقية والمغرب، تحقيق: د. عبدالله العلي زيدان ود. عزالدين عمر موسى، الطبعة الاولى، دار الغرب الاسلامي، مطابع الشروق، (بيروت، ١٩٩٠).

ابن زنجوي، أبو أحمد حميد بن مخلد بن قتيبة بن عبد الله الخرساني (٢٥١هـ/٨٦٥م):

١٨. الأموال، تحقيق: د. شاكر ذيب فياض، الطبعة الاولى، مركز الملك فيصل للبحوث والدراسات الإسلامية، (السعودية، ١٩٨٦م).

ابن سلام، أبو عُبيد القاسم البغدادي (٢٢٤هـ/٨٣٨م):

١٩. كتاب الأموال، تحقيق: خليل محمد هراس، دار الفكر، (بيروت، ١٩٨٨م).

الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير (٣١٠هـ/٩٢٣م):

٢٠. تأريخ الطبري (تاريخ الرسل والملوك)، الطبعة الثانية، دار التراث، (بيروت، ١٣٨٧هـ).

ابن عَبد الحَكَم (الاب)، أبو محمد عبد الله بن عبد الحكم بن أعين بن ليث بن رافع المصري (٢١٤هـ/٨٢٩م):

٢١. سيرة عمر بن عبد العزيز على ما رواه الإمام مالك بن أنس وأصحابة، تحقيق: أحمد عبيد، الطبعة السادسة، عالم الكتب، (بيروت، ١٩٨٤).

ابن عبد الحكم، أبو القاسم عبد الرحمن بن عبد الله المصري (٢٥٧هـ/٨٧١م):

٢٢. فتوح مصر والمغرب، مكتبة الثقافة الدينية، (د.م، ١٤١٥هـ).

ابن عبد ربه، أبو عمر شهاب الدين أحمد بن محمد الأندلسي (٣٢٨هـ/٩٤٠م):

٢٣. العقد الفريد، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤٠٤هـ).

عبيدالله بن صالح بن عبدالحليم (القرن السابع الهجري/ القرن الثالث عشر الميلادي):

٢٤. نص جديد عن فتح العرب للمغرب، نشره ليفي بروفنسال، تر: حسين مؤنس، صحيفة المعهد المصري للدراسات الاسلامية في مدريد، المجلد الثاني، العدد الاول والثاني، (مدريد، ١٩٥٤).

ابن عذاري، أبو عبد الله محمد بن محمد المراكشي (٦٩٥هـ/١٢٩٦م):

٢٥. البيان المغرب في أخبار الأندلس والمغرب، تحقيق: ج. س. كولان، إ. ليفي بروفنسال، الطبعة الثالثة، دار الثقافة، (بيروت، ١٩٨٣م).

ابو العرب، محمد بن أحمد بن تميم التميمي (٣٣٣هـ/٩٤٥م):

٢٦. طبقات علماء إفريقية، دار الكتاب اللبناني، (بيروت، د.س).

ابن عساكر، أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله الشافعي (٥٧١هـ/١١٧٦م):

٢٧. تأريخ مدينة دمشق وذكر فضلها وتسمية من حلها من الأماثل، تحقيق: عمر بن غرامة العمري، دار الفكر، (بيروت، ١٩٩٥م).

القاضي عياض، أبو الفضل عياض بن موسى اليحصبي (٥٤٤هـ/١١٤٩م):

٢٨. ترتيب المدارك وتقريب المسالك، محقق الجزء الثالث: عبد القادر الصحراوي، الطبعة الاولى، مطبعة فضالة – المحمدية، (المغرب، ١٩٧٠).

ابن الفرضي، عبدالله بن محمد بن يوسف الأزدي (٤٠٣هـ/١٠١٣م):

٢٩. تاريخ علماء الأندلس، عنى بنشره وصححه ووقف على طبعه: السيد عزت العطار الحسيني، الطبعة الثانية، مكتبة الخانجي، (القاۆرة، ١٩٨٨).

الفسوي، أبو يوسف يعقوب بن سفيان بن جوان الفارسي (٢٧٧هـ/٨٩٠م):

٣٠. المعرفة والتاريخ، تحقيق: أكرم ضياء العمري، الطبعة الثانية، مؤسسة الرسالة، (بيروت، ١٩٨١م).

قدامة بن جعفر، أبو فرج بن جعفر بن قدامة بن زياد البغدادي (٣٣٧هـ/٩٤٩م):

٣١. الخراج وصناعة الكتابة، تحقيق: محمد حسين الزبيدي، الطبعة الأولى، دار الرشيد، (العراق، ١٩٨١).

ابن قتيبة الدينوري، أبو محمد عبد الله بن مسلم (٢٧٦هـ/٨٨٩م):

٣٢. المعارف، تحقيق: د. ثروت عكاشة، الطبعة الثانية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، (القاهرة، ١٩٩٢م).

٣٣. الإمامة والسياسة، تحقيق: علي الشيري، الطبعة الاولى، انتشارات شريف الرضي، مطبعة امير، (قم، ١٤١٣هـ).

ابن القوطية, ابو بكر محمد بن عمر القرطبي (٣٦٧هـ/ ٩٧٧م):

٣٤. تاريخ افتتاح الاندلس. تحقيق: ابراهيم الابياري، الطبعة الثانية، دار الكتاب المصري و دار الكتاب اللبناني (القاهرة وبيروت, ١٩٨٩).

ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر القرشي (٧٧٤هـ/١٣٧٣م):

٣٥. البداية والنهاية، تحقيق: علي شيري، الطبعة الأولى، دار إحياء التراث العربي، (د.م، ١٩٨٨).

ابن الكَرْدَبُوس، عبدالملك بن محمد التوزري (بعد ٥٧٥هـ/ ١١٧٩م):

٣٦. الإكتفاء في إخبار الخلفاء، تحقيق: صالح بن عبدالله الغامدي، الطبعة الاولى، (المدينة المنورة، ٢٠٠٨).

الكندي، أبو عمر محمد بن يوسف بن يعقوب (٣٥٥هـ/٩٦٦م):

٣٧. كتاب الولاة وكتاب القضاة، تحقيق: محمد حسن محمد حسن إسماعيل وأحمد فريد المزيدي، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، ٢٠٠٣).

المالكي، أبي بكر عبدالله بن محمد المالكي (٤٥٣هـ/ ١٠٦١م):

٣٨. رياض النفوس في طبقات علماء القيروان وإفريقية، تحقيق: بشير البكوش، مراجعة: محمد العروسي المطوي، الطبعة الثانية، دار الغرب الاسلامي، (بيروت، ١٩٩٤).

ابن مسكويه، أبو علي أحمد بن محمد بن يعقوب (٤٢١هـ/١٠٣٠م):

٣٩. تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق: أبو القاسم إمامي، الطبعة الثانية، نشر سروش، (طهران، ٢٠٠٠م).

المقري، شهاب الدين أحمد بن محمد التلمساني (١٠٤١هـ/١٦٣١م):

٤٠. نفح الطيب من غصن الأندلس الرطيب، وذكر وزيرها لسان الدين بن الخطيب، تحقيق: إحسان عباس، دار صادر، (بيروت، ١٩٠٠).

المقدسي، المطهر بن طاهر (بعد ٣٥٥هـ/٩٦٦م):

٤١. البدء والتاريخ، مكتبة الثقافة الدينية، (بورسعيد، د . س).

المقريزي، تقي الدين أبو العباس أحمد بن علي بن عبدالقادر العبيدي (٨٤٥هـ/١٤٤١م):
٤٢. المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤١٨هـ).
٤٣. رسائل المقريزي، الطبعة الأولى، دار الحديث، (القاهرة، ١٤١٩هـ).
مؤلف مجهول، (القرن الرابع الهجري/ العاشر الميلادي):
٤٤. أخبار مجموعة في فتح الأندلس و ذكر أمرائها رحمهم الله و الحروب الواقعة بها بينهم، تحقيق: ابراهيم الابياري، الطبعة الثانية، دار الكتاب المصري (القاهرة) ودار الكتاب اللبناني (بيروت)، (١٩٨٩).
مؤلف مجهول، كاتب مراكشي (القرن السادس الهجري/ الثاني عشر الميلادي):
٤٥. الاستبصار في عجائب الامصار, تعليق: سعد زغلول عبد الحميد, دار الشؤون الثقافية, (بغداد ،١٩٨٦).
النويري، شهاب الدين احمد بن عبد الوهاب بن محمد التيمي البكري (٧٣٣هـ/١٣٣٣م):
٤٦. نهاية الأرب في فنون الأدب ، الطبعة الاولى، دار الكتب والوثائق القومية، (القاةرة، ١٤٢٣هـ) .
الونشريسي، ابو العباس احمد بن يحيى (٩١٤هـ/١٥٠٨م):
٤٧. المعيار المعرب والجامع المغرب عن فتاوي علماء افريقية والأندلس والمغرب، التخريج: باشراف د.محمد حجي، وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية للمملكة المغربية، دار الغرب الاسلامي، (بيروت، ١٩٨١).
ابن يونس، أبو سعيد عبد الرحمن بن أحمد بن يونس الصدفي (٣٤٧هـ/٩٥٨م):
٤٨. تاريخ ابن يونس المصري، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤٢١هـ).

**دووەم: ژێدەرەکان**

١. بوخالفة نور الهدى: الإسلام والتعريب فى الشمال الافريقي فى القرون الثلاثة الأولى للهجرة، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى قسم التاريخ، كلية الآداب/ الجامعة الأردنية، ١٩٨٦م.
٢. التقي العلوي: اصول المغاربة، ١٩٧٢، الباحث، مجلة للابحاث العامة، وزارة الثقافة والتعليم العالي والثانوي، السنة الاولى، المجلد الثاني.
٣. جاك تيري: تاريخ الصحرا و الليبية في العصور الوسطى، ترجمة: جادالله عزوز الطلحي، الطبعة الاولى، الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع والاعلان، (ليبيا، د. س).
حسين مؤنس (الدكتور):
٤. ثورات البربر في المغرب والاندلس بين سنتي ١٠٢-١٣٦هـ/ ٧٢١-٧٥٣م، ١٩٤٨، مجلة كلية الآداب جامعة فؤاد الاول، المجلد العاشر، الجزء الاول.
٥. فجر الأندلس، دراسة في تاريخ الأندلس من الفتح الإسلامي إلى قيام الدولة الأموية، الطبعة الثانية، دار الرشاد، (القاهرة، ٢٠٠٨).
٦. معالم تاريخ المغرب والاندلس، الطبعة الرابعة، دار الرشاد، (القاهرة، ٢٠٠٠).
٧. السيد عبدالعزيز سالم (الدكتور): تاريخ المغرب في العصر الاسلامي، مطبعة الانتصار، مؤسسة شباب الجامعة، (الاسكندرية، ١٩٩٩).
٨. عبدالحميد حسين حمودة (الدكتور): تاريخ المغرب في العصر الإسلامي منذ الفتح الإسلامي وحتى قيام الدولة الفاطمية، الطبعة الاولى، الدار الثقافية للنشر، (القاهرة، ٢٠٠٧).

٩. عبدالعزيز الثعالبي: تاريخ شمال إفريقيا منذ الفتح الإسلامي إلى نهاية الدولة الأغلبية، جمع وتحقيق: د. احمد بن ميلاد ومحمد ادريس، تقديم ومراجعة: حمادي الساحلي، الطبعة الثانية، دار الغرب الاسلامي، (بيروت، ١٩٩٠).

١٠. عبدالواحد ذنون طه (الدكتور): الفتح والإستقرار العربي الإسلامي في شمال إفريقيا والأندلس، الطبعة الاولى، دار المدار الاسلامي، (طرابلس، ٢٠٠٤).

١١. عبد الكريم غلاب: قراءة جديدة في تاريخ المغرب العربي، الطبعة الاولى، دار الغرب الاسلامي، مطبعة الصراط، (بيروت، ١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م).

١٢. علي محمود الجندي: البربر في إفريقية في العصر الأموي (٤٠-١٣٢هـ/٦٦٠-٧٥١م)، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى قسم التاريخ والحضارة/ كلية اللغة العربية بالقاهرة، جامعة الأزهر، (د.س).

١٣. فطيمة مطهري: مدينة تيهرات الرستمية، دراسة تاريخية حضارية (القرن ٢- ٣هـ / ٨-٩م)، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى كلية العلوم الاجتماعية/ جامعة أبي بكر بلقايد- تلمسان، ٢٠١٠م.

١٤. محمد خالد مصطفى المومني: جهود حسان بن النعمان في فتح بلاد المغرب، رسالة ماجستير غير المنشورة، مقدمة الى كلية الدراسات العليا/ الجامعة الاردنية، ايار ١٩٩٠م.

١٥. محمد الطالبي: الدولة الأغلبية (١٨٤-٢٩٦هـ/٨٠٠-٩٠٩م)، ترجمة: المنجي الصيادي، مراجعة وتدقيق: حمادي الساحلي، الطبعة الثانية، دار الغرب الاسلامي، (بيروت، ١٩٩٥).

١٦. محمد عيسى الحريري (الدكتور): الدولة الرسمية بالمغرب الاسلامي حضارتها و علاقتها الخارجية بالمغرب و الاندلس (١٦٠هـ-٢٩٦هـ)، الطبعة الثالثة، دار القلم، (الكويت، ١٩٨٧م).

١٧. محمد علي دبوز: تاريخ المغرب الكبير، مؤسسة تاوالت الثقافية، (د.م، ٢٠١٠).

١٨. نهى محمد حسين مكاحلة: الضرائب في المغرب الإسلامي فى العصر الأموي، رسالة دكتوراه غير منشورة، مقدمة الى كلية الدراسات العليا/ الجامعة الأردنية، ١٩٩٩م.

١٩. يوليوس ڤلهوزن: تاريخ الدولة العربية من ظهور الاسلام الى نهاية الدولة الاموية، ترجمة: محمد عبدالهادي ابو ريدة، مراجعة: حسين مؤنس، تقديم: مصطفى لبيب عبدالغني، الطبعة الثانية، المركز القومي للترجمة، المطابع الاميرية، (القاهرة، ٢٠٠٩).